خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5726) دووشەمە 8ی نیسان 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لە سەرکردایەتیی پارتی باس لە بەستنی کۆنگرە نەکراوە

چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، رایگەیاند: هێشتا لەنێو سەرکردایەتیی پارتی باسی بەستنی کۆنگرە نەکراوە و دەشڵێت: باشترین کات بەلای ئەوەوە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی ئایندەیە، گوتیشی: باسی بەستنی کۆنگرە تەنیا لەنێو کادیرەکان هەیە و سەرکردایەتیی پارتی هیچ شتێکی لەمبارەیەوە باس نەکردووە.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پاشای ئوردن پێشوازی لە سەرۆک بارزانی دەکات

شا عەبدوڵڵا: باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو لایەک دایە



ڕۆژی یەکشەمە 7ی 4ی2019 شا عەبدوڵڵای پاشای شانشینی ئوردن لە کۆشکی ئەلحوسێنیە پێشوازیی لە سەرۆک مەسعود بارزانی و شاندی یاوەری کرد. لەو دیدارەدا شا عەبدوڵڵا خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بە پێشڤەچوون و باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ڕایگەیاند کە باشبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە بەرژەوەندیی هەموو لایەک دایە. هەر لەو دانیشتنەدا جەخت لە پەیوەندییە میژوویەکانی هەردوولا و بەردەوامیی ئەو پەیوەندییانە کرایەوە و ڕۆشناییش خرایە سەر پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئوردن و تەکیدیش لە هەماهەنگی و هاوکاریی بەردەوام کرایەوە لەپێناو شەڕی تیرۆر و توندڕێیی و، ڕیشەکێشکردنی تیرۆریستان.

چلەی ماتەمینی نووسەر و ڕووناکبیر فەوزی ئەتروشی بەڕێوەچوو

ئێوارەی دوێنێ لە هۆڵی ڕاگەیاندن – دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی و پارێزگاری هەولێر و دهۆک و خانەوادەی خوالێخۆشبوو و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و نووسەر و ڕووناکبیران و دۆست و هەڤاڵانی و لەژێر دروشمی (فەوزی ئەتروشی نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشان) چلەی ماتەمینی نووسەر و ڕووناکبیر فەوزی ئەتروشی بەڕێوەچوو. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

پێویستە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە ئاست گەورەیی پێگەی سەرۆک بارزانی دا بێت

دوێنێ یەکشەمە 2019/4/7 دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەب پێشوازی لێ کرا.
(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ئاسایشی هەولێر چوار تاوانکار دەستگیر دەکات و بەدوای دووی دیکەوەیە

لەڕاگەیەندراوێکیدا کەڕۆژی 4ی نیسانی 2019 بڵاویان کردەوە، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئاشکرای کرد، دوای ڕوودانی دوو کردەوەی تاوانکارانە، لێکۆڵینەوە و چاودێری وردی تیمەکانیان دەستی پێکردووە و لە ئۆپەراسیۆنێکدا چوار ئەندامی گرووپێکی تاوانکاریان دەستگیر کردووە کە یەکێکیان ئافرەتە و دوو تاوانکاری دیکەی گرووپەکەش دەستنیشانکراون و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە. (زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

دۆخی شنگال لە ئاڵۆزەوە بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت

بەرپرسانی شارەکە هۆشداری لە تێکچوونی بارودۆخی شنگال دەدەن

بەپێی ڕاپۆرتێکی باسنیوز بارودۆخی قەزای شنگال لە ئاڵۆزەوە بەرەو ئاڵۆزتر چووە و بەرپرسانی ئەو شارەش هۆشداری دەدەن، خەبات تەواوی ڕاپۆرتەکە بڵاو دەکاتەوە: دۆخی شنگال لە ئاڵۆزییەوە بەرەو ئاڵۆزتر هەنگاو دەنێت و بەرپرسێکیش ڕایدەگەیەنێت، پەکەکە هێزی دیکەی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هێناوە بۆ شنگال. قایمقامی شەرعیی شنگالیش دەڵێت: "ئەو مۆڵەتەی حکوومەتی عێراق داینابوو بۆ دەرچوونی پەکەکە لە شنگال، تەواو بوو". (زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)

خامنەیی داوا لە عادل عەبدولمەهدی دەکات هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەربکات



ڕێبەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی داوای لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کرد دڵنیایی بدات لە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە نزیکترین کاتدا. ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران باڵاوی کردووەتەوە، خامنەیی لە تاران پێشوازی عادل عەبدولمەهدی و شاندی یاوەری کردووە. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

ئەم هەفتەیە دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی عێراق دەدرێت

دکتۆر ناسر هەرکی، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتن لە نێوان لایەنەکاندا کراوە لەسەر کاندیدی ئەو وەزارەتانەی ماون، لە ئەم هەفتەیەدا دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی عێراق دەدرێت. (زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



ئێران.. بەهۆی لافاوەوە چەند گوندێک چۆڵکران و 70 کەسیش بوونە قوربانی

ئەنجامی سەرژێژی کردووەو بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی بەغدا ژێرئاو کەوتن

لە ئەنجامی سەرژێژبوونی ئاوی ڕووباری دیجلە، بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی بەغدا ژێرئاو کەوتن. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ئەمنییەکانەوە دەست میدیاکان کەوتوون، بە هۆی سەرژێژبوونی ئاوی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان و بارینی بارانی زۆرەوە، ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە بەرزبووەتەوە و شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی قوردیات، ئەعزەمییە و کەرادە ژێرئاو کەوتوون. (زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

هەڵمەتی نیشتیمانیی کوتان دژی نەخۆشیی ئیفلیجی منداڵان دەستی پێ کرد

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)

17بەنداو لە کوردستان هەیە و سەرژێژکردنیان هیچ مەترسییەکی نییە

(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)



مەسرور بارزانی پێشوازیی لە شاندێکی پیاوانی ئایینی ئەرمەنی دەکات

لە هیچ بارودۆخێکدا گەلی کوردستان دەستبەرداری فەرهەنگی لێبوردەیی و پێکەوەژیان نابێت

پاڵپشتیمان بۆ ماف و داخوازییەکانی برایانی کریستان بە گشتی و هاووڵاتیانی ئەرمەنی بەردەوام دەبێ


دوێنێ یەکشەممە 2019/4/7 مەسرور بارزانی راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی پیاوانی ئایینی ئەرمەنی کرد، کە لە ژمارەیەک مەترانی ئەرمەن لە وڵاتانی جیهان پێکهاتبوو.

لەم دیدارەدا پێشهاتەکانی ناوچەکە بەگشتی و رەوشی کریستانە ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و دەشتی نەینەوا تاوتوێ کرا و جەخت لەوە کرایەوە، پێویستە بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکان زەمینەی رەخساندنی ژیان و گوزەرانێکی شایستە بۆ گەڕانەوەی کریستانە ئاوارەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان لە دەشتی نەینەوا بڕەخسێندرێت.

مەسرور بارزانی خۆڕاگری و پەیوەستبوونی برایانی کریستان بە زێدی خۆیان و مانەوەیان لە وڵات بەپێویستی زانی بۆ ڕێگریکردن لەو هەوڵانەی ئامانجیان سڕینەوەی ناسنامە و گۆڕینی دیمۆگرافی ناوچەکانیانە و رایگەیاند، پاڵپشتیمان بۆ ماف و داخوازییەکانی برایانی کریستان بە گشتی و هاووڵاتیانی ئەرمەنی بەردەوام دەبێت.

هەر لەو دیدارەدا راوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان جەختی لەوە کردەوە، کە لە هیچ بارودۆخێکدا گەلی کوردستان دەستبەرداری فەرهەنگی لێبوردەیی و پێکەوەژیان نابێت، کە بەدرێژایی مێژوو لە هزریدا ڕەگ داکوتاوە و گوتی: کوردستان هەمیشە بە ناوەندی برایەتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی گشت نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دەمێنێتەوە.

لە بەرامبەردا شاندی میوان سوپاسی سەرۆک بارزانی و گەل و حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد، کە لە قۆناغە جیاجیاکاندا پەنا و دادگەی کریستانەکانی عێراقی داوە و لە کردنەوەی کڵێسەی ئەرمەنی لە هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان هاوکار و پاڵپشت بوونە و لە کۆتاییشدا ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ کابینەی داهاتووی حکومەتی هەرێمی کوردستان خواست.



مەسرور بارزانی پێشوازیی لە شاندێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و نووسەرانی عەرەب دەکات

ئێمە بە کورد و عەرەبەوە بووینەتە قوربانی سیستمە دیکتاتۆرییەکان

دوێنێ یەکشەممە 2019/4/7 مەسرور بارزانی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان پێشوازیی لە شاندێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و نووسەرانی وڵاتانی عەرەبی بەشدار لە چوارەیەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی لە هەولێر بە سەرۆکایەتی فەخری کەریم، سەرۆکی دەزگای مەدا بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و هونەر کرد .

لەو دیدارەدا پەیوەندی هاوبەش و ڕۆڵی مێژوویی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب لەلایەک و ڕەوشی ڕۆشنبیری و ڕۆڵی نووسەرانی لە قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی لێبوردەیی و پتەوکردنی و یەکتر قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی تووندوتیژی و تیرۆر تاوتوێ کرا.

لە سەرەتای دیدارەکە مەسرور بارزانی وێڕای بەخێرهێنانی گەرمی شاندی میوان بۆ هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا، کە گەلی کوردستان بە ناو و پێگەی ئەوان ئاشنایە و گوتی: ئێوە لە ڕێگەی دەربڕین و قەڵەمەکانتانەوە دەتوانن ڕۆڵی کارا و ئەرێنی خۆتان لە قوڵکردنەوەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکتر قبوڵکردنی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب بگێڕن و یارمەتیدەر بن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

لەبەشێکی دیکەی خستنەڕووی بۆچوونەکانی لەبارەی خەباتی هاوبەشی و پێکەوەیی نێوان گەلانی ڕەسەنی ناوچەکە، ڕاسپاردەیەکی بارزانیی نەمری بەبیر ئامادەبوان هێنایەوە، کە بەردەوام پێداگیر بووە لەوەی نابێت ڕێگە بدرێت خەبات و شەڕی نێوان شۆڕشی کورد لەگەڵ حکوومەتەکان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیببێتە شەڕ و ناکۆکی نێوان گەلان.

هەر لەو دیدارەدا مەسرور بارزانی باسی لە مرۆڤدۆستی و بەخشندەیی و ڕەوشتی بەرزی گەلی کورد کرد، کە لە هیچ بارودۆخێکدا دەستبەرداری ئەو گیانە نەبووە و گوتی: خزمەتکردنی برایانەمان لەوانەی بە هۆکاری جودا پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە، بە ئەرکی مرۆیی خۆمان دەزانین و بەشێکە لە فەرهەنگی گەلەکەمان.

هەروەها داوای لە ئامادەبووان کرد، پێویستە ببنە باڵێوزی پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانی برایانە و ڕایگەیاند، دەتوانین پێکەوە بەهێزتر و دەوڵەمەندتر بین بۆئەوەی وڵاتەکەمان ئاوەدانتر بکەینەوە.

لەبەشێکی دیکەدا مەسرور بارزانی ئاماژەی بە پێشڤەچوونی ئەرێنی پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا دا و ڕایگەیاند، ئێمە بە کورد و عەرەبەوە بووینەتە قوربانی سیستمە دیکتاتۆریەکان و گوتی: زۆرجار خەڵک کراوەتە قوربانی ئەجێندای سیاسیەوە. لەبارەی ژیان و گوزەرانی عێراقییانەوە جەختی لەوە کردەوە، کە عێراق لە ڕووی سامانی ئابووری و بەشەرییەوە دەوڵەمەندە، بەڵام کێشەی خراپ بەڕێوەبردنی هەیە. هەر لەم ڕوانگەوە چارەسەرکردنی بنەڕەتیانەی کێشە سیاسییەکانی بە مەبەستی ساقامگیری و گەشەسەندنی عێراق بە پێویست زانی. دواتر بەشێک لە ئامادەبووان تێبینی و بۆچوونەکانی خۆیان خستەڕوو و سەرسامی خۆیان بە پێکەوەژیانی برایانەی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئاینزاکانی هەرێمی کوردستان و پێشکەوتن و بوژانەوەکان لە گشت بوارەکان، بە تایبەتی بواری ڕۆشنبیری دەربڕی و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ مەسرور بارزانی خواست لە ئەرکی نوێیدا بۆ زیاتر بوژانەوەی بوارەکان و گەیاندنی هەرێمی کوردستان بە نموونەیەکی پێشکەوتووی ناوچەکە


هەروەها پێشنیاری ئەنجامدانی فیستیڤاڵ و چالاکی دیکەی هاوشێوەی پێشەنگای کتێبیان کرد بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکان و تێکەڵاوی زیاتری ڕۆشنبیران و

عێراق شەش فڕۆکەی جەنگیی جۆری F-16ی لە ئەمەریکا کڕی

وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، شەش فڕۆکەی جەنگیی جۆری F-16یان لە لایەن ئەمەریکاوە ڕادەستکراوە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی بەرگریی عێراق، فڕۆکەکان گەشتوونەتە بنکەی ئاسمانی بەلەد لە بەغدا. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، فڕۆکەکان بەپێی ڕێککەوتنەکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا هێندراونەتە عێراق. عێراق و ئەمەریکا ساڵی 2011 گرێبەستی کڕینی 36 فڕۆکەی جەنگیی جۆری F-16یان واژووکردبوو.







دوێنێ یەکشەممە دوا گەشتی ئاسمانیی هێڵی ئاسمانیی تورک لە فڕۆکەخانەی ئەتاتۆرکەوە بۆ سینگافۆرە ئەنجامدرا، دواتر کەلوپەل و ئامێرو پێداویستیەکانی فڕۆکەخانەکە گواستراپەوە بۆ فڕۆکەخانەی ئەستەنبوڵ

مەسرور بارزانی پێشوازیی لە شاندێکی پیاوانی ئایینی ئەرمەنی دەکات

بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی بەغدا ژێرئاو کەوتن

بەغدا.. ئاوی دیجلە سەرڕێژی کردووە

لە ئەنجامی سەرڕێژبوونی ئاوی ڕووباری دیجلە، بەشێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی بەغدا ژێرئاو کەوتن. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوە ئەمنییەکانەوە دەست میدیاکان کەوتوون، بە هۆی سەرڕێژبوونی ئاوی بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان و بارینی بارانی زۆرەوە، ئاستی ئاوی ڕووباری دیجلە بەرزبووەتەوە و شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی قورەیات، ئەعزەمییە و کەرادە ژێرئاو کەوتوون.

ملازم ئەحمەد خەلەف لە هێزەکانی پۆلیسی بەغدا لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندووە، بە هۆی سەرڕێژبوونی ئاوی ڕووباری دیجلەوە کە بە ناوەندی پایتەختدا تێدەپەڕێت، زیانی زۆر بە ناوچە گەشتیارییەکانی شارەکە گەیشتووە.

هەروەها جێگری پارێزگاری واست باشووری عێراق، عادل زەرکانی لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاندووە، بە هۆی مەترسیی ژێرئاوکەوتنەوە، گوندی ئوم وەفا لە کەناری ڕووباری دیجلە چۆڵکراوە.

هەفتەی ڕابردوو حکوومەتی عێراق لەبارەی مەترسیی لافاوەوە هۆشداریی دایە دانیشتوانی شارەکانی بەغدا، دیالە، مووسڵ و واست کە دیجلە پێیاندا تێدەپەڕێت. بە هۆی بارانی زۆرەوە بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی باکوور، چەندین بەنداو و دەریاچە و زێ لەدوای چەندین ساڵ سەرڕێژیان کردووە.

چنار سەعد عەبدوڵڵا:

لە سەرکردایەتیی پارتی باس لە بەستنی کۆنگرە نەکراوە

کۆتایی ئەمساڵ باشترین کاتە بۆ بەستنی کۆنگرەی پارتی



ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، چنار سەعد عەبدوڵڵا ڕایگەیاند: هێشتا لەنێو سەرکردایەتیی پارتی باسی بەستنی کۆنگرە نەکراوە و دەشڵێت: باشترین کات بەڵای ئەوەوە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی ئایندەیە، گوتیشی: باسی بەستنی کۆنگرە تەنها لەنێو کادیرەکان هەیە و سەرکردایەتیی پارتی هیچ شتێکی لەمبارەیەوە باس نەکردووە.

چنار سەعد عەبدوڵڵا، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆڵو ڕایگەیاند: هەرچۆنێک بێت پێزەتیفییەکانی بەستنی کۆنگرە لە نێگەتیڤییەکانی باشترە. گوتیشی: هێشتا لەنێو سەرکردایەتیی پارتی ئەو باسە نەکراوەتەوە، لەڕاستییدا ماوەیەک بەسەر بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان تێپەڕیوە، ڕەنگە ئەمە ویستی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی پارتیش نەبووبێت، بەڵام بارودۆخێکی تایبەتی ئەوەی سەپاند کە ئەم دۆخە ڕووبدات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و باری ئابووریيەوە بوو، هەموو جەختکردنەوە و تەرکیزەکان لەسەر ئەو لایەنانە بوو و ڕەنگە زەمینە لەبارنەبووبێت بۆ بەستنی کۆنگرە.

هەروەها چنار سەعد عەبدوڵڵا گوتیشی: بەڵام دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکان کرد و قۆناغەکانمان تێپەڕاند و دۆخەکە باشتربوو، ئێستا دەنگۆیەکی گەرموگوڕ هەیە بەوەی کە ئیدی کاتی بەستنی کۆنگرە خەریکە نزیک دەبێتەوە، بەڵام سەبارەت بەوەی کە کەیە، ئیدی ئایا کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتوو دەبێت؟ جارێ هێشتا دیار نییە و لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ هەواڵ یان دانیشتنێکی فەرمی بۆ ئەو مەبەستە نەمانبیستووە و نەکراوە، بەڵام هێشتا گفتوگۆیە لەنێو خۆمان و چاوەڕوانییمان هەیە کە تا کۆتایی ئەمساڵ دوای ئەوەی حکوومەتی نوێ پێکدێت، دۆخەکە و دۆخی هەرێمی کوردستان کە لای ئێمە ئەولەوییەتە بکەوێتە سەر سکە و دۆخەکە لە ڕووی ئابووری و ژیانی خەڵکەوە ئاسایی تر ببێتەوە، ئەوکات ئەو بابەتە بابەتێکی جیددیە و قسە و ئامادەکاریشی بۆ دەکرێت ئەوێ کات، بەڵای منەوە باشترین کات بۆ بەستنی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتای ساڵی داهاتووە ئەگەر هیچ دۆخێکی نەخوازراو نەیەتە پێشەوە.

سەبارەت بەوەی ئایا لەسەر ئاستی بااڵ هیچ باسێکی بەستنی کۆنگرە لە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان کراوە یان نا، چنار سەعد عەبدوڵڵا ڕوونی دەکاتەوە هێشتا لە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی ئەم پرسە نەکراوە و تەنها لەسەر ئاستێکی سنووردار و لە نێو کادیران ڕەنگە قسە و باسی لێوە بکرێت، بەڵام لەنێو سەرکردایەتیی پارتی ئەو باسە نەکراوە.

سەبارەت بە پێویستیی بەستنی کۆنگرە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ئەندامەی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: دوو خاڵ هەیە وا دەکات دامەزراوەکان هەمیشە خۆیان نوێ بکەنەوە، حزبەکان بەپێی یاسا مۆڵەتیان هەیە و ڕێکیخستوون، بەپێی ئەو یاسایە دەبێت چەند ساڵ جارێک کۆنگرە ببەستن بۆ خۆنوێکردنەوە، بۆیە ئێمە بەپێی یاسا پابەندین وەکو حزبەکانی جیهان و ناوچەکەش لەکاتی خۆیدا کۆنگرە ببەستین، بێگومان هەموو کۆنگرەیەک خاڵی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی هەیە، پۆزەتیڤییەکەی ئەوەیە گوڕوتینێکی نوێ بە بەر ئەو ئۆرگانە دەهێنێتەوە، نێگەتیڤییەکەش ئەوەیە کە ئیفرازاتی هەیە و هەندێک کەس ڕەنگە دەنگ نەهێنێت و دڵی بڕەنجێت و جۆرێک لە ناڕەحەتی لە لای هەندێک خەڵک دروست بێت، بەڵام بەگشتی پۆزەتیڤیی زیاترە لە نێگەتیڤییەکانی.





لەژێر دروشمی (فەوزی ئەتروشی نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشان)

چللەی ماتەمینی نووسەر و ڕووناکبیر فەوزی ئەتروشی لە هەولێر بەڕێوەچوو

ئێوارەی دوێنێ لە هۆڵی ڕاگەیاندن - دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی پارتی و پارێزگاری هەولێر و دهۆک و خانەوادەی خوالێخۆشبوو و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و نووسەر و ڕووناکبیران و دۆست و هەڤاڵانی و لەژێر دروشمی (فەوزی ئەتروشی نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشان) چللەی ماتەمینی نووسەر و ڕووناکبیر فەوزی ئەتروشی بەڕێوەچوو.

لە چللەی ماتەمینییەکەدا هەریەک لە هۆشیار زێباری ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو و سالار عوسمان بریکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری وتاریکیان پێشکەش کرد و تیایدا وێڕای هاوخەمی خۆیان باسیان لە خەبات و ڕۆڵی ڕووناکبیری خوالێخۆشبوو فەوزی ئەتروشی کرد.

جێگەی ئاماژەیە خوالێخۆشبوو فەوزی ئەتروشی یەکێک بووە لەو کەسانەی لە ساڵانی 1995- 1996لە لەندەن ڕۆژنامەی خەباتیان بەچاپ گەیاندووە و ماوەیەکیش بریکاری وەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بووە.

د. ناسر هەرکی: ڕێککەوتن لە نێوان لایەنەکاندا هەیە لەسەر دیاریکردنی کاندید بۆ پۆستەکان

ئەم هەفتەیە دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی عێراق دەدرێت

دکتۆر ناسر هەرکی، پەرلەمانتاری پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بەهۆی ئەوەی ڕێککەوتن لە نێوان لایەنەکاندا کراوە لەسەر کاندیدی ئەو وەزارەتانەی ماون، لە ئەم هەفتەیەدا دەنگ لەسەر تەواوکردنی کابینەی حکوومەتی عێراق دەدرێت.

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی لە لێدوانێکیدا بە ماڵپەڕی فەرمی پارتی ڕاگەیاندووە: ڕۆژی چوارشەمە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەستپێدەکەنەوە و چاوەڕێ دەکرێت لەو کۆبوونەوەیەدا دەنگ لەسەر تەواوکردنی ئەو سێ وەزارەتە بدرێت کە لە کابینەی حکوومەتی عێراق ماون، چونکە جۆرێک لە ڕێککەوتن لە نێوان لایەنەکاندا هەیە لەسەر دیاریکردنی کاندید بۆ ئەو پۆستانە.

هەرکی گوتیشی: شیعەکان لێکنزیکبوونەوەی باشیان هەیە لەسەر دیاریکردنی کەسێک بۆ پۆستی وەزارەتی ناوخۆ و سوننەکانیش کاندیدی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتی بەرگری دیاری کردووە، بەمەش تەنیا وەزارەتی داد دەمێنێت و لە ئێستادا یەکێتی و پارتییش ڕێککەوتوون و ئەویش بە ئاسانی یەکلا دەکرێتەوە و کێشە نابێت، بۆیە ئەم هەفتەیە کابینەی حکوومەتی عێراق تەواو دەکرێت.



د. بەشیر حەداد:

پێویستە پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە ئاست گەورەیی پێگەی سەرۆک بارزانی دا بێت

دوێنێ یەکشەمە 2019/4/7 دکتۆر بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی و ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەب پێشوازی لێ کرا.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، دەستخۆشی لە ستافی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی کرد، کە لە ڕابردوودا توانیویانە کاری دیپلۆماسی گرنگ بۆ هەرێمی کوردستان و پارتی بنیاد بنێن،بەڵام ئەوەی کە پێویستە کادیری پارتی لێی تێبگات ئەوەیە، کە سەرۆک بارزانی لەوەها ئاستێکی باڵای دیپلۆماسی و پێگەیەکی نێودەوڵەتی دایە، کە ئەرکی کادیری پارتی و بەتایبەتی کادیرانی سلکی دیپلۆماسی و پەیوەندی دەرەوەی قورستر کردووە. هەر ئەمەشە کە پێگەی پارتی بەهێزکردووە و بە بەهێز هێشتنەوەشی کاری کادیرانی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتییە.

د. بەشیر حەداد لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، گوتی: کارکردن لە بەغدا جیاوازە و دەبێت لە کوردستانەوە بە یەکدەنگییەوە پەیامەکانمان بەرینە بەغدا، ئەمەش پێویستی بە ڕێکخستنی لایەنە سیاسییەکانە لەکوردستان. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە هاوکاری مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دەبیت لە تێپەڕاندنی کارەکانیاندا.

هوشیار سیوەیلی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی خۆشحاڵی خۆی بۆ سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەربڕی و داوای کرد ئەم جۆرە سەردانانە بەردەوام بن. بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی، ئامادەیی مەکتەبیشی بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەک دەربڕی بۆ سەرکەوتنی کورد لە بەغدا.

خامنەیی داوا لە عادل عەبدولمەهدی دەکات هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق دەربکات



ڕێبەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی داوای لە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی کرد دڵنیایی بدات لە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق لە نزیکترین کاتدا. ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران باڵاوی کردووەتەوە، خامنەیی لە تاران پێشوازی عادل عەبدولمەهدی و شاندی یاوەری کردووە.

خامنەیی ڕایگەیاندووە: حکوومەت و پەرلەمانی عێراق و سەرکردە سیاسییەکان لەو ولاتەدا لای ئەمەریکییەکان پەسند نین، بۆیە ئەمەریکییەکان پلان بۆ ئەو دادەنێن لە گوڕەپانی سیاسیی عێراقی دووربان بخەنەوە. ڕاشیگەیاندووە، ئامانجی ئەمەریکا لە عێراق تەنها مانەوەی سەربازییە، ئەوان هەوڵ بۆ مانەوە و بەرژەوەندی درێژخایەن دەدەن و حکوومەتێکی هاوشێوەی هەنگاوێک بگرنەبەر کە ئەمەریکییەکان هان بدات بۆ کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق لە کورترین ماوەدا، چونکە لە هەر ولاتێک بۆ ماوەیەکی درێژ بوونی سەربازییان هەبووبێت ئەوا بۆ دەرکردنیان ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوونەتەوە.

پێشتر سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی ڕایگەیاندبوو: ئێران و عێراق خاوەن پەیوەندییەکی مێژوویین، و پێکەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بوونەتەوە. ڕۆژی شەممە، سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە تاران و لە لایەن سەرکۆماری ئێران، حەسەن ڕوحانی پێشوازی لێکرا. جێی باسە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوو، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە میانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی هەفتانەیدا ڕایگەیاند، گەشتێک بۆ ولاتانی هەرێمیی ئەنجام دەدات کە ژمارەیەک لە ولاتانی ناوچەکە دەگرێتەوە، لەنێویاندا تورکیا و سعوودیە. ئەم سەردانەی عەبدولمەهدی بۆ ئێران بە یەکەم سەردانی ناوبراو بۆ ئەو ولاتە دادەنرێت لەوەتەی دەستەبەرکاربوونی لە مانگی تشرینی یەکەمی 2018دا.



کەبات وردەکاری چیرۆکە تاوانکارییەکە بڵاو دەکاتەوە

ئاسایشی هەولێر چوار تاوانکار دەستگیر دەکات و بەدوای دووی دیکەوەیە

تاوانکار سوهێلە ڕەحیمی:

لەگەڵ ناسیاوێکی خۆمان بەناوی (ئەحمەد ئازەری) قسەم کرد و گوتم: 100 ملیۆن تومەنم لە ئێران هەیە دەیدەم بە تۆ، ئەگەر شتێکم بۆ بکەی

خەبات: کارزان حەیدەر

لەڕاگەیەندراوێکیدا کەرۆژی 4ی نیسانی 2019 بڵاویان کردەوە، بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی هەولێر ئاشکرای کرد، دوایڕوودانی دوو کردەوەی توانکارانە، لێکۆڵینەوە و چاودێری وردی تیمەکانیان دەستی پێکردووە و لە ئۆپەراسیۆنێکدا چوار ئەندامی گروپێکی توانکاریان دەستگیر کردووە کە یەکێکیان ئافرەتە و دوو تاوانکاری دیکەی گروپەکەش دەستنیشانکراون و فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە.

ئاسایشی هەولێر وێڕای بڵاوکردنەوەی دانپێدانانی تاوانکارانی دەستگیر کراو، ئاشکرای کردووە کە بەپێی دانپێدانانی تاوانباران (سوهێلە خالید سوڵتانڕەحیمی) لەگەڵ هاوسەرەکەی بەناوی (هەردی محەمەد سمایل) پیلانی ئەو دوو کردەوەیان داناوە، ئەوەش بۆ کەمکردنەوەی سزای بەندکردنی هەردی کە ساڵە بەهۆی کوشتنی هاوڕێیەکی خۆی بەناوی(جێگر عەبدوللا عەزیز) دەستگیر کراوە و لەلایەن دادگاوە حوکمی 15 ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

سوهێلە بەڵێنی 100 ملیۆن تۆمەنی بە کەسێک داوە بۆ کوشتنی شوبراکەی

بەڕێوبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەڕاگەیەندراوەکەیەدا بڵاویکردۆتەوە کە سوهێلە داوای لە کەسێکی نزیکی خۆی کردووە بەناوی (ئەحمەد ئازەری) هەڵگرێرەگەزنامەی وڵاتی ئێران، لە بەرامبەر پێدانی بڕی 100 ملیۆن تومەنی ئێرانی ئەگەر یەکێک لە شوبراکانی یان ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەی بکوژێت،تاوەکو مالی(جێگر)ی کوژراو تۆمەتبار بکرێن بە تۆڵە کردنەوەی خوێنی کوڕەکەیان،دواتر هەردووڵا ناچار بن سوڵح بکەن و سزای(هەردی)یش کەمبکرێتەوە.

ژنێک داڕێژەری پیلانێکی تێکدەرانە بووە

بەپێی دانپێدانانی خۆی، سوهێلە خالید سوڵتانڕەحیمی کە خەڵکی شاری بۆکانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەدایک بووی 1993یە، دەڵێ : چوار ساڵە هاوسەرگیریم لەگەڵ هەردی محەمەد سمایل کردووە کە ئێستا بەهۆی کێشەیەکی خوێندنداری بەند کراوە، دەشڵێ: بۆ ئەوەی فشارێک لەسەر مالی خەزوورم بکرێت و سوڵح بکەن لەگەڵ مالی (جێگر)ی کوژراو، لەگەڵ ناسیاوێکی خۆمان بەناوی (ئەحمەد ئازەری) قسەم کرد و گوتم: من 100 ملیۆن تۆمەنم لە ئێران هەیە، ئەگەر تۆ شتێکم بۆ بکەی و وابکەی فشارێک لەسەر ئەوان دروست بکەی و وابکەی زوو کارەکە بکرێت، من ئەو 100 ملیۆن تومەنە دەدەمە تۆ، ئەویش گوتی: بێ خەم بە و ئەوکارە بۆمن بەجێ بێڵە، دوای ئەوە 15 ڕۆژی پێچوو هەر هیچی نەکرد، هەر جارەی بەهانەیەکی دەدیتەوە، دوای ئەوەیرۆژێک تەلەفونێکمان بۆهات و گوتیان: تەقینەوەیەک لەپێش مالی دلێرڕووی دایە، کە چوینە ئەوێ زانیم کەسێک گیانی لەدەستداوە بەناوی (محەمەد سەجیب حوسێن) و یەکێکیش برایندار بووە، ئۆتۆمبێلیش لەوێ زیانی پێگەیشتووە، تەلەفونم بۆ ئەحمەد ئازەری کرد و گوتم: تەقینەوە بووە، ئەحمەد ئازەری پێکەنی و گوتی: من بووم. گوتم: چی ئەتو بووی! کەسێکی بێ تاوان گیانی لەدەستداوەو یەکێکی دیکەش برایندار بووە، تەلەفونی داخست، دواتر ماوەیەک هەر بە تەلەفون پەیوەندیمان هەبوو، قسەمان دەکرد، دوایی گوتی:

مادام وایە تۆڵەی ئێوە لە دەشتی دەکەمەوە، دوای ئەوە چەندڕۆژێکی پێچوو هەر دەیگوت دەشتی نابینمەوە، گوتم: وازبێنە لە ئیشەکە و ناتەوێ بیکەی، سەعات یەکی شەو بوو پێش تەقینەوەی دووەم، تەلەفونی بۆم کرد و گوتی: من ئەمشەو ئیشی خۆم دەکەم و سبەی دەگەڕێمەوە، بەیانیەکەی تەلەفونم بۆی کرد، تەلەفونی داخرابوو، ئەوکات زانیم تەقینەوەی دووەمڕوویداوەو دوو کەس بریندار بوونە، دوای ئەوە من دەستگیر کرام.

تاوانکار بەختیار ئیسماعیل: ئەحمەد داوای دەکرد بە هاوکاری ئێمە زیانێک لە ماڵە خزمێکی بدا

بەختیار ئیسماعیل پیرداود لە دایک بووی 1982ی هەولێر دەگێڕێتەوە و دەڵێ: بارزان عەزیز و هەڵگورد سابر تەها دراوسێی منن، هەڵگورد کوڕی پورمە، لەبەر ئەوەی من تەکسیم هەبوو، ئەحمەد ئازەری و ئەوانی دی ئیشیان بەمن دەبوو و هاتوچۆیانم پێدەکرد، ئەحمەد ئازەری بە بارزان و هەڵگوردی گوتبوو: کێشەم لەگەڵ مالێک هەیە و دەمەوێ ئەو ماڵە بتەقێنمەوە، من و بارزان و هەڵگورد و هەژار و ئەحمەد ئازەری بەیەکەوە چووینە تەقتەق و لەوێڕومانەیەکمان کڕی و هاتینەوە هەولێر، ئێوارەکەی لەمالی هەڵگوردڕێکمانخست، شەوەکەی من و هەژار لەلای ماجیدی مۆڵ لە ئۆتۆمبێل دابەزین، بارزان و ئەحمەد ئازەری و هەڵگورد پێکەوە چوونڕومانەکەیان دانا و هاتنەوە، بۆ بەیانیەکەیڕومانەکە تەقییەوە، دوای ئەوە بۆ دووەم جار ئەحمەد ئازەری هاتەوەڕومانەیەکی دیکەی پێبوو، گوتی: دەبی لە مالی خزمێکی خۆمان بتەقێنمەوە، ئەوجارە من و هەڵگورد ئێوارەکەی چووین بۆ ئەوێ، پاشان بۆ شەوەکەی من و ئەحمەد ئازەری چووین دامانا و بۆ بەیانی ئەویش تەقیەوە.

تاوانکار هەڵگورد سابیر: ڕومانەیەکمان لە تەقتەق کڕی

هەڵگورد سابر تەها سێیەم تاوانکاری ئەو گروپەیە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر دەستگیری کردووە،ئەو دانی بە تاوانەکەی خۆی ناوەو دەڵێ: لەدایک بووی 1985م، من و بارزان هاوڕێین، کاری بازرگانی کەرەستەی بیناسازی دەکەین، بارزان هاتوچۆی ئێرانی دەکرد و چەند جارێک لە ئێران چۆتە لای ئەحمەد ئازەری، ئەحمەد ئازەریش کە هاتە ئێرە و گوتی کە ماڵە خزمێکی هەیە دەیەوێ زیانیان پێ بگەیەنێ،، بۆیە من و بارزان و بەختیار و هەژار و ئەحمەد چووینە تەقتەق و لەوێڕومانەیەمان کڕی و هاتینەوە هەولێر، هەر ئەو شەوە لەلای ماجیدی مۆڵ هەژار و بەختیارمان دانا، من و ئەحمەد و بارزان چووین لەگەڕەکی زیلان ستێرومانەکەمان داناوەو هاتینەوە، بەختیار و هەژارمان هەڵگرت و چووینە کۆیێ، لە کۆیە بەیانیەکەی زانیمانڕومانەکە تەقیتەوە، بارزان و ئەحمەد چوونە سلێمانی، لە سلێمانی ئەحمەد ئازەری چووە ئێران و بارزانیش چووە بەغدایێ، جاری دووەم ئەحمەد هاتە مالی ئێمە و دیسان داوای کرد و گوتی: دەبێ زیانێک لەو ماڵە خزمە بدەم، تەلەفونی بۆ هەژاری کردبوو، هەژاریشڕومانەیەکی بۆ نارد، لەمالی ئێمەڕومانەکەمانڕێکخست و هەر ئەو شەوە ئەحمەد و بەختیار لەگەڕەکی زیلان ستی لە ژێر ئۆتۆمبێلێک دایاننناوە، بۆ بەیانیڕومانەکە تەقییەوە، دوای دوو هەفتە لەسەر ئەو تاوانە دەستگیر کراین.

تاوانکار بارزان عەزیز: ژنێک زانیاری بە ئێمە دەدا

بارزان عەزیز ئیبراهیم خەڵکی هەولێر و لەدایک بووی 1981 چوارەم تاوانکارە کە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر لەسەر کاری تێکدەرانە دەستگیری کردووە، ئەو دەگێڕێتەوە و دەڵێ: من و هەڵگورد و بەختیار و هەژار و ئەحمەد ئەو کردەوەیەمان ئەنجامدا،ئەو دەڵێ: ئەحمەد ئازەریم لە ئێران ناسی بەهۆی مامەڵەی کەرەستەی بیناسازی،دوو یان سێ جار هاتۆتە مالی ئێمە لە هەولێر و داوای لێکردم هاوکاری بکەم لەوەی زیان بە مالە خزمێک بگەیەنێ بە بیانوی ئەوەی کێشەی لەگەڵیان هەیە،گوتی: دەبێ هەر هاوکاریم بکەن، ئێمەش هاوکاریان کرد و بە ئۆتۆمبێلی تەکسی بەختیار چووینە تەقتەقی من و هەژار و ئەحمەد و هەڵگورد و بەختیارڕومانەیەکمان بە 35 هەزار دینار کڕی و لەمالی(هەژار)ڕومانەکەمان بە تێپڕێکخست، پاشان چووین لەدووری مالی ئەوان نا پێش ئەوەی بچینە مالی ئەوان، ئەوکات هەموومان بەیەکەوە بووین (من و ئەحمەد و هەڵگورد و بەختیار و هەژار)، لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە تەسک بوو، جێگەی هەموومان نەدەبۆوە، لە پێش ماجیدی مۆڵ بەختیار و هەژارمان دابەزاند، ئێمە سێ کەس چووین، ئەحمەد ئازەری بە تەلەفون قسەی لەگەڵ سوهێلە دەکرد، ئێمە هیچ زانیاریمان نەبوو لەسەر ئەوەی کێ لە کۆڵانەکەیە، ئافرەتەکە زانیاری بە ئێمە دەدا و گوتی: ئێستا کۆڵانەکە چۆڵەو کارەبا کوژاوەتەوەو ئۆتۆمبێلێکیڕەش لەبەر دەرگایان وەستابوو،ڕومانەکەمان خستە ناو قوتویەکی دۆشاوی تەماتە و فرێمان دایە پێش دەرگایان، دواتر لەسەر شەقامەکە بەختیار و هەژارمان هەڵگرت و چووینە کۆیێ.



دۆخی شنگال لە ئاڵۆزەوە بەرەو ئاڵۆزتر دەچێت

بەرپرسانی شارەکە هۆشداری لە تێکچوونی بارودۆخی شنگال دەدەن

قادر قەچاغ:

ئەو ئیدارەیەی ئێستا لەوێیە شەرعیی نییە و خەڵکی شنگالیش زیاد لە 75٪ یان ئاوارەی هەرێمی کوردستانن



ماجید شەنگالی:

حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە کە دۆسێی ئەمنی و پاراستنی ناوچەی شنگال بسپێرێت بە سوپای عێراق



مەحما خەلیل:

حکوومەتی عێراق مۆڵەتی دابووە پەکەکە شارەکە چۆڵ بکەن، بەڵام مۆڵەتەکە تەواو بووە و پەکەکەش نەکشاوەتەوە



بەپێی زانیارییەکانی (باس)، حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە یەکینەکانی بەرخودانی شنگال (یەبەشە)ی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) و حەشدی شەعبی لە شنگال بکشێنەوە و لە شوێنی ئەوان لیوای 72 لە فیرقەی 15 سوپای عێراق هێنراونەتە شنگال، ئەو هەنگاوەی حکوومەتی عێراقیش دوای ئەوە هات کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە سنووری شنگال، دوو جار شەڕ و پێکدادان لەنێوان پەکەکە و هێزە ئەمنییەکانی عێراق دروست بووە، کە بەهۆیەوە کۆژراو و بریندارییشی لێ کەوتەوە.

هەر بەپێی زانیارییەکان، عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، جیاواز لە حەیدەر عەبادی، سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، دەیەوێت هەندێک هەنگاوی کرداری بۆ دەرکردنی هێزە چەکدارە ناشەرعییەکان لە سنووری شنگالدا بنێت، بەپێچەوانەی حکوومەتی پێشووی عێراق، کە ژمارەیەکی بەرچاوی لە چەکدارانی پەکەکە لە شنگال دانا و لە چوارچێوەی حەشدی شەعبیدا دایمەزراندن و پێویستیی سەربازییشی پێیان دا.

لەم بارەیەوە، قادر قەچاغ، بەرپرسی لقی شنگالی پارتی، بۆ (باس)ڕای گەیاند، حکوومەتی عێراق هێزی هێناوەتە سنووری شاری شنگال و لەولاشاوە پەکەکە لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هێزی هێناوە بۆ سنووری شنگال، ئێستاش باس لەوە دەکرێت، کە حکوومەتی عێراق ماوەیەکی دیاری کردووە تا پەکەکە شنگال چۆڵ بکات، دەنگۆیەکیش هەیە ئەو هێزەی سوپای عێراق کە تازە هاتوونەتە سنووری شنگال، جێی حەشدی شەعبی و پەکەکە بگرێتەوە، بەڵام ئەوەشڕوون بووەتەوە کە ئینزار دراوەتە پەکەکە، تاوەکوو شنگال بەجێ بهێڵن.

ئەو بەرپرسە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەو هێزەی سوپای عێراق هاتوونەتە سنووری شنگال هێزێکی زۆرن، بەڵام ئێستا بۆشاییەکی ئەمنی لە شنگال هەیە، هەروەها بۆشایی ئیداریش هەیە، چونکە ئەو ئیدارەیەی ئێستا لەوێیە شەرعیی نییە و خەڵکی شنگالیش زیاد لە 75%یان ئاوارەی هەرێمی کوردستانن و ئەوەی کە لە شارەکەش دەژین هاتوونەتە سنووری شنگال، جێی حەشدی شەعبی و پەکەکە بگرێتەوە، بەڵام ئەوەشڕوون بووەتەوە کە ئینزار دراوەتە پەکەکە، تاوەکوو شنگال بەجێ بهێڵن.

ئەو بەرپرسە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، ئەو هێزەی سوپای عێراق هاتوونەتە سنووری شنگال هێزێکی زۆرن، بەڵام ئێستا بۆشاییەکی ئەمنی لە شنگال هەیە، هەروەها بۆشایی ئیداریش هەیە، چونکە ئەو ئیدارەیەی ئێستا لەوێیە شەرعیی نییە و خەڵکی شنگالیش زیاد لە 75%یان ئاوارەی هەرێمی کوردستانن و ئەوەی کە لە شارەکەش دەژین هاتوونەتە سنووری شنگال، جێی حەشدی شەعبی و پەکەکە بگرێتەوە، بەڵام ئەوەشڕوون بووەتەوە کە ئینزار دراوەتە پەکەکە، تاوەکوو شنگال بەجێ بهێڵن.

هەروەها لەبارەی بوونی بەشێک لە کوردە ئێزدییەکان لەناو یەکینەکانی بەرخودانی شنگالی سەر بە پەکەکە، قادر قەچاغ، گوتی: وەردە وردە ئەو کەسانەی لەناو ئەو هێزەی پەکەکەدان، کەم دەبنەوە و دەستبەرداری کاری چەکداری دەبن، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە بەرپرسێکی پەکەکە کردەوەیەکی زۆر ناشیاوی ئەنجام داوە و ئێستاش هەڵهاتووە، ئەوانیش گوتیانە ئەوە کەسەمانڕادەست بکەن، یانیش لەگەڵتان نامێنین.

هاوکات، ماجید شنگالی، ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق، بۆ (باس)ڕای گەیاند: "حکوومەتی عێراق بڕیاری داوە کە دۆسێی ئەمنی و پاراستنی ناوچەی شنگال بسپێرێت بە سوپای عێراق و هێزەکانی دیکەی ناشەرعی لە شنگال بکشێنەوە، ئەو کێشە چەکدارییانەی نێوان پەکەکە و هێزە ئەمنییە عێراقییەکان ڕووی دا بەوە چارەسەر دەبێت و دووبارە نابێتەوە کە پەکەکە لە شنگال بچنە دەرەوە، خودی عادل عەبدولمەهدی بڕیاری داوە، کە هەرچی بنکە و بارەگای پەکەکەکە هەیە لە شنگال و دەوروبەری چۆڵ بکرێن و حەشدی شەعبی لەناو سەنتەری شنگال نەمێنن و ڕۆڵ بۆ پۆلیسی خۆجێیی بگەڕێنرێتەوە".

ڕاشیگەیاند، لە کۆی 400 هەزار کەس، تاوەکوو ئێستا 50 هەزار کەس گەڕاوەتەوە شنگال و زۆرینەی خەڵکەکە ئاوارەن، هەر بە هۆی ئەو دۆخە نالەبارەی کە لە شنگال دەگوزەرێ، ئێستا لە دەوروبەری شنگالیش چەک بە دەست خەڵکی نەزانەوەیە، ئەوەش مەترسییە و پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت و هێزە چەکدارە ناشەرعییەکانیش بڕۆنە دەرەوەی شنگال، تەنانەت بەرپرسێکی باڵای حەشدیش تۆمەتبارە بە کوشتنی دوو هاوواڵاتی. ئەوان کردەوەی نایاسایی دەکەن و وەک هەنگاوی سەرەتاش، ئێستا باشە کە سوپای عێراق بگەڕێتەوە و پاشان حکوومەتی هەرێم بە گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕێک بکەون لەسەر گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و ئاساییش بۆ سنووری شنگال.

پێوەند بەم باسە، مەحما خەلیل، قایمقامی شنگال، بۆ (باس)ڕای گەیاند: "چەند بەرپرسێکی باڵای ئەمنیی عێراق سەردانی شنگالیان کردووە، بۆ هێنانی هێزیش ڕێک کەوتوونە و هێزیان نارد‌ووە، بەڵام ئێمە داوا دەکەین کە کۆتایی بە دیاردەی چەکداری لە شنگال بهێنرێت و دۆخی شارەکەش لە هەموارووبەکەوە باش بکرێت، چونکە ئێستا بوونی پەکەکە لە سنووری شنگالی لێ کەوتەوە".

لەبارەی ئەوەی باس لەوە دەکرا کە حکوومەتی عێراق مۆڵەتی داوە بە پەکەکە و شارەکە چۆڵ بکەن، مەحما خەلیل، گوتی: «ڕاستە حکوومەتی عێراق مۆڵەتی دابووە پەکەکە شارەکە چۆڵ بکەن، بەڵام مۆڵەتەکە تەواو بوو و پەکەکەش نەکشاوەتەوە».

لە مانگی ئابی 2014ەوە، پەکەکە هەیە لە شنگال و دەوروبەری چۆڵ بکرێن و حەشدی شەعبی لەناو سەنتەری شنگال نەمێنن و ڕۆڵ بۆ پۆلیسی خۆجێیی بگەڕێنرێتەوە".



بەپێی ڕاپۆرتێکی باسنیوز بارودۆخی قەزای شنگال لە ئاڵۆزەوە بەرەو ئاڵۆزتر چووە و بەرپرسانی ئەو شارەش هۆشداری لە دەدەن، خەبات تەواوی ڕاپۆرتەکە بڵاو دەکاتەوە: دۆخی شنگال لە ئاڵۆزییەوە بەرەو ئاڵۆزتر هەنگاو دەنێت و بەرپرسێکیش ڕایدەگەیەنێت، پەکەکە هێزی دیکەی لە ڕۆژئاوای کوردستانەوە هێناوە بۆ شنگال. قایمقامی شەرعیی شنگالیش دەڵێت: "ئەو مۆڵەتەی حکوومەتی عێراق داینابوو بۆ دەرچوونی پەکەکە لە شنگال، تەواو بوو".

ئەمەریکا، بەریتانیا و فەڕەنسا هۆشداریی دەدەنە ڕژێمی بەشار ئەسەد لە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

ئەمەریکا، بەریتانیا و فەڕەنسا هۆشداریی دەدەنە ڕژێمی ئەسەد لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی لە سووریا و ئاماژە بەوەدەکەن ئەگەر ئەو هێرشە جارێکی دیکە ڕووبداتەوە، ئەوا وەڵامی پێویستی دەدرێتەوە. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشی بەناوی هەریەک لە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، جێرێمی هەنت و وەزیری دەرەوەی فەڕەنسا، جان ئیڤ لۆدریان سەبارەت بە هێرشە کیمیاوییەکەی ڕۆژی 7ی نیسانی 2018 بۆ سەر شارۆچکەی دوما سەر بە پارێزگای دیمەشق، بڵاوکردووەتەوە کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی 78 هاووڵاتیی سڤیل.لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەکراوە بەر لە تێپەڕینی ساڵێک بەسەر هێرشەکەی خان شێخوندا کە دوو سال لەمەوبەر ئەنجامدرا، هێرشی کیمیاویی لە دوما ئەنجامدراوە و تێیدا هاتووە "ئەمەریکا، بەریتانیا و فەڕەنسا هۆشداریی ئەوە دەدەنە ڕژێمی بەشار ئەسەد کە لەبەرامبەر هەر هێرشێکدا کە چەکی کیمیاویی تێدا بەکاربهێنرێت، پابەندین بە بریاری خۆمان کە وەڵامان دەبێت".لە ڕاگەیەنراوەکەدا جەخت لەوەشکراوەتەوە کە ڕژێمی ئەسەد خاوەنی ڕابردوویەکی هەڵکشاوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی دژ بە گەلەکەی و تێشک خراوەتە سەر ئەوەش کە هێرشە کیمیاوییەکان پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکات و ڕێگە بۆ کەوتنەوەی ئازاری نوێ خۆشدەکات و دۆخی سووریا کە لە گیرۆدەی قەیرانێکی مرۆییە، خراپتر دەکات.



ئێران و عێراق کێڵگە نەوتییە هاوبەشەکانیان فراوان دەکەن

وەزیری نەوتی ئێران، بیژەن نامدار زەنگەنە ڕایگەیاند، لەگەڵ عێراقدا کێڵگە نەوتییە هاوبەشەکانی کرماشان-دیالە و خوزستان-بەسرە فراوان دەکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی مالپەڕی وەزارەتی نەوتی ئێران، بیژەن نامدار زەنگەنە لەگەڵ سامر غەزبان هاوتا عێراقییەکەیدا لە تاران کۆبوونەتەوە.وەزیری نەوتی ئێران ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ عێراقدا لەبارەی فراوانکردنی کێڵگە نەوتییە هاوبەشەکانی کرماشان-دیالە و خوزستان-بەسرەوە ڕێککەوتوون.بیژەن نامدار زەنگەنە هەروەها ڕاشیگەیاندووە، ئێران و عێراق توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی هەماهەنگییەکانیان لەبواری نەوت، گازی سروشتی، پاڵاوگە و پیترۆکیمیاییدا و لەوبارەوە ئامادەن هاوکاریی عێراق بکەن.وەزیری نەوتی ئێران ئاماژەی بەوەشداوە کە بە هۆی پێشنەکەوتنی عێراقەوە لەبواری پیترۆکیمیاییدا، کەشێکی گونجاو هەیە بۆ هەماهەنگی لەو بوارەدا.ناوبراو ئاشکراشیکردووە کە عێراق یەک ملیار دۆلار قەرزاری ئێرانە بەهای ئەو گازە سروشتییەی کە پێشتر پێی فرۆشراوە.



کاری شوفێری تاکسی لە بەشێک لە فەرمانبەران قەدەغە دەکرێت



وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە دەکات کە کاری شوفێری تاکسی لە بەشێک لە فەرمانبەران و بە گشتیش لە فەرمانبەرانی پەیوەندییەکانی دەرەوە قەدەغە بکات و ئاشکرایشی دەکات کە ئاماری سیستەمی بایۆمەتریان بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بەستۆتەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئاسانتر کار لەسەر ئەم بابەتە بکەن.

بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆ ڕایدەگەیەنێت کە دەیانەوێت کاری شوفێری تاکسی لە هەرێمی کوردستان بکەن بە پیشە بۆ ئەم مەبەستەش بریاری قەدەغەکردنی کاری شوفێری تاکسی لە بەشێکی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم، کاری لەسەر دەکرێت.

بەڕێوەبەری گشتی دیوان لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سامی جەلال گوتی: بڕیاری قەدەغەکردنی شوفێری تاکسی لە فەرمانبەران کاری لەسەر دەکرێت، ئاماری بایۆمەتری مووچەخۆرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بەستراوەتەوە، فەرمانبەرانی حکوومەت لە پلە یەک تا پلە شەش، هێزەکانی ناوخۆ و فەرمانبەرانی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە قەدەغەیە کاری شوفێری تاکسی بکەن، ئەو فەرمانبەرانەی دیکەش کە پلەکانییان 7، 8، 9، 10کە مووچەیان کەمە، ئەوا دەتوانن بە ڕەزامەندی خۆیان کاری شوفێری تەکسی بکەن.

سامی جەلال گوتیشی: ئێستا پێدانی مووچە ئاسایی بووەتەوە و فەرمانبەران تەواوی مووچە بەبێ پاشەکەوت پێدەدرێت، بۆیە ئەو بڕیارە بەردەوام دەبێت و کاری پێدەکرێت. دەبێت شوفێری تەکسی کە لە هەموو جیهان پیشەیە.



بەڕێوەبەری بەنداوەکانی کوردستان:

17بەنداومان هەیە و سەرڕێژکردنیان هیچ مەترسییەکی نییە

بەڕێوەبەری بەنداوەکانی کوردستان ڕایگەیاند: زیادبوونی ئاوی بەنداوەکان تا کۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت و دەربەندیخانەوە، هیچ مەترسییەکی بۆ سەر بەنداو و دەوروبەریشی نابێت، جگە لەو شوێنانەی کە زیادەڕۆییان کردووە. ئەکرەم ئەحمەد، گوتیشی: سەرڕێژبوونی ئاوی بەنداوەکانی دۆکان و دەربەندیخان، مەترسییەکی نییە و زیانیشی تەنیا بۆ ئەو شوێنانە هەبووە کە زیادەڕۆییان لەسەر بەنداوەکە، ئەگەر ڕێژەی ئاوەکە زیاتریش بێت، تەنیا زیانی بۆ ئەو شوێنانە دەبێت کە زیادەڕۆییان لەسەر موحەرەمات کردووە.

ناوبراو ڕایگەیاند: زیادبوونی ئاوی بەنداوەکان بەردەوام دەبێت و ڕەنگە تاوەکو کۆتایی مانگی چوار زیاد بێت، چونکە لەو مانگەدا بەردەوام ئەگەری دروستبوونی لافاو هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هیچ مەترسییەک لەسەر بەنداوەکان نییە و ناشبێت و ئەوەی هەیە تەنیا ئاویان بەرداوەتەوە. دەشڵێ، سەرجەم بەنداوەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان 17بەنداوی گەورە و بچووکە، پڕ بوون لە ئاو.

پیشانگەها نەورۆز کەرنەڤاڵێ هێزو شیانان هاتە ڤەکرن

خەبات ـ سالح محەمەد تەیڕ: لژێر درویشمێ بەرەڤ ناساندنا باژێرێ ئاکرێ ب پایتەختێ جیهانێ یێ بیرەوەریا نەورۆزێ، ل هولا کونفرانسا ل ئاکرێ و ب بەرهەڤبوونا مازن محەمەد سەعید دەڤەردارێ ئاکرێ و عەبدوللا ئەلیاس نوێنەرێ لقێ 9ێ پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرس و نوێنەرێن سازیێن حزبی وحکومی و ڕێکخراوێن جەماوەری و پیشەیی وجەماوەرکێ زۆر، ڕێڤەبەریا ڕەوشنبیری وهونەری ل ئاکرێ و ب هەڤبەش دگەل ڕێکخراوا کوردستان فوتۆ و ب سویەنسەریا کەنالێ کوردستان 24پیشانگەها نەورۆز، کەرنەڤاڵێ هێزو شیانان هاتە ڤەکرن، لدور ڤێ چەندێ کاوە زوهێر خالد ڕێڤەبەرێ ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری و هونەری ل ئاکرێ بۆ خەبات گۆت: بۆ پتر ناساندنا ئاکرێ ب پایتەختێ نەورۆزێ ب جیهانێ و زێدەتر هاندنا وێنەگر و فوتوگرافا بۆ پشکداریکرن د ڕۆژا کەرنەڤالا نەورۆزا ئاکرێ دا مە بڤەر زانی کۆ ڕێڤەبەریا ڕەوشەنبیری وهونەری ل ئاکرێ و بهەڤکاری دگەل ڕێکخراوا کوردستان فوتو و ب سپونسەریا کەنالی کوردستان 24 ئەڤێ پیشانگەهێ ساز بکەین کو ڤێ پیشانگەهێ دا 21 تابلویێن نەوروزا ئاکرێ بخوڤە گرتبوون کو بێن16 فوتوگرافەرێن کوردستان وجیهانێ بوون، ئەڤە و کو پشتی ب سەدان وێنەیێن تابلویێن نەورۆزا ئاکرێ درێکا ئێمیلەکێ تایبەت دا گەهشت بوونە مە و ڕێکخراوا کوردستان فوتو و لیژنەیەکا هەلسەنگاندنێ بۆ جوانترین تابلۆژلایێ ڕێکخراوا کوردستان فوتو هاتبوو پێکئینان ول وان هژمارەیەکا زۆر یا وێنەیێن فوتوگرافان3 فوتوگرافەر ب ئێکەم و دووەم و سێیەم دەرچوون و هاتنە خەلاتکرن و دیسان ڕێزو سوپاسی ژی ئاراستەیی وان 16 فوتوگرافەرێن کرن ئەوێن پشکداری ڤێ فیستەڤالێ دا کرین.



لە هۆڵی بۆنەکانی شاری قەڵادزێ، لە ڕێوڕەسمێکی ماتەمئامێزدا بە ئامادەبوونی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان و نوێنەری مەسرور بارزانی و نوێنەرانی مەکتەبی ڕێکخستن و کادیرانی سنووری چالاکیی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەرماندە سەربازییەکان و جەماوەرێکی زۆر، لقی 11ی پارتی، یادی چل و یەک ساڵەی لە سێدارەدانی پۆلێک تێکۆشەری شاری قەڵادزێ کە دژسۆزی پارتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر بوون کرایەوە کە لەپێناو ئازادی و ڕزگاری بۆ گەلەکەیان گیانی خۆیان کردە قوربانی. لە ڕێوڕەسمەکەدا وێڕای وتاری لقی 11ی پارتی لەلایەن هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی 11هەروەها چەندین وتار و بەڵگەنامە و پەخشان و شیعرو ژیاننامەی ئەو قارەمانانە پێشکەش کران. جێی باسە، ئەو پۆلە تێکۆشەرە سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی بوون لەناو شاری قەڵادزێ و ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەبوو لە جۆشدانەوەی جەماوەر لەدوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازدا. هەربۆیە لەدوای دەستگیرکردنیان لەلایەن ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعسەوە لە ڕێکەوتی 4/4/1978دا لەسێدارە دەدرێن و دەچنە ڕیزی نەمران و ڕێگای ئازادیی گەلەکەمانەوە. هەروەها ڕۆژی پێنجشەمەی 4/4/2019 هیوا گەلانی بەرپرسی لقی 11ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەریی کارگێڕانی لق و لێژنەی ناوچەی ڕانیە سەردانی زانکۆی ڕاپەڕینیان کردو بەشداری ڤیستڤالی کولتوری و زانستی زانکۆیان کرد. بەرپرسی لق وێڕای سوپاس و دەستخۆشی خۆی و شاندی یاوەری بۆ سەرۆکی زانکۆ و یارییدەرانی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلیژەکان و مامۆستایانی زانکۆ، دەستخۆشی لە قوتابیانی بەهرەمەندی زانکۆ کرد کە کۆمەڵێک بەرهەم و بیرۆکەی ناوازەیان ئامادە کردبوو و خستبوویانە ڕوو کە دەشێ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیان و سێکتەرەکانی خزمەتگوزاریدا سودیان لێ ببینرێ و بە کردەیی بکرێن. هەروەها هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن لە پێناو ئایندەیەکی گەشتر و خزمەتکردنی زیاتر بە گەل و وڵاتمان.

قەڵادزێ.. یادی پۆلێک شەهیدی پارتی کرایەوە

ئەو منداڵانەی کوترابن یا نەکوترابن لەو هەڵمەتەدا دوو دڵۆپ ماکوتەیان پێ دەدرێ

هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان دەستی پێ کرد



ڕاپۆرتی ـ سید فاتیح بەرزنجی

لەژێر دروشمی تەندروستی منداڵەکەت مسۆگەر بکە بەکوتانیان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان، دوێنێ یەکشەمە، لە بنکەی تەندروستی نەجدی حەیدەر لە ڕێوڕەسمێکدا هەڵمەتی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان بە ئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر و دکتۆر دارا ڕەشید مەحمود بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی و دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری کاروباری پاراستنی تەندروستی و نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونسێف و بەڕێوەبەری لقی هەولێری مانگی سوور هەڵمەتی کوتان دەستی پێکردو ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنێت دەربارەی وردەکاری ئەو هەڵمەتە وەک ڕۆژنامەی خەبات ئەو ڕاپۆرتەمان ئامادەکرد

هەڵمەتی سەرتاسەری دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان

هەڵمەتی کوتان سەرتاسەرییە و لە هەموو شارۆچکە و گوندەکان دەستی پێکردووە و هەموو ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان یەک ڕۆژ تا پێنج ساڵانە، کوترابن یاخود نەکوترابن ئەو هەڵمەتە دەیانگرێتەوە، لە هەولێر لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بە هاوکاری هەردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونسێف هەڵمەتەکەی دەست پێکردووە. سەبارەت بەو هەڵمەتە لە کاتی مەڕاسیمەکەدا نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: مایەی دەستخۆشییە هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان دەستی پێکردووە و بەشێوەیەکی بەردەوام و بەڕێکوپێکی لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستییەکانی پارێزگاکان لەهەموو هەڵمەتەکانی کوتانی تایبەت بە نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان بەڕێوەدەچێت و تیایدا ژمارەیەک تیمی پزیشکی لە ستافی پزیشک و کارمەندی تەندروستی، بەشداری لە هەموو هەڵمەتەکاندا دەکەن دیارە ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی تەندروستی منداڵەکان و جێگەی دڵخۆشییە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1998ەوە هیچ حاڵەتێکی نەخۆشی ئیفلیجی تۆمار نەکراوە ئەوەش بەهۆی هەموو ئەو هەڵمەتانەی کە سەرکەوتووانە ئەنجامدراوە، ئامانجیش لەهەڵمەتی کوتان لە شاری هەولێر کوتانی 303هەزار منداڵی یەک ڕۆژی تا پێنج ساڵی پێکوتەی پێ دەدرێ و لەو ژمارەیەش 30 هەزار منداڵی ئاوارەی تێدایە لەگەڵ بەشدار کردنی 692 تیمی دوو کەسی کارمەندی تەندروستی کارلەو هەڵمەتەدا دەکەن لەگەڵ بەشداری کردنی150 پزیشک، بۆ ڕاییکردنی

بەرپرسی لقی دوو بەشداری فیستیڤاڵی هەردوو قوتابخانەی گەردون و شەیدا دەکات



ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئامادەی فیستیڤاڵی هەردوو قوتابخانەی گەردون و شەیدا بوو کە بەناونیشانی بەهاری ئازادی کوردستان بە کلتووری ڕەسەن و زانستی هاوچەرخ دەڕازێنتەوە، سازی کردبوو.

دوای پێشکەشکردنی وتاری هەردوو قوتابخانە و چەند سروودێکی نیشتیمانی، بەرپرسی لقی دوو فیستیڤاڵەکەی کردەوە کە لەچەند بەشێک پێکهاتبوو، لەوانەش نیشاندانی ژیانی کوردەواری و خواردن و جلوبەرگ.

دوای بەسەرکردنەوەکەش بەرپرسی لقی دوو، وێنەی یادگاری لەگەڵ قوتابیان گرت و دەستخۆشی گەرمی لە مامۆستا و قوتابیان کرد کە توانیویانە فیستیڤاڵێکی جوانی کلتووری لەو شێوەیە بەڕێوەببەن.



بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پێشوازی لە شاندێکی psk کرد



بۆ بایەخدان بە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی سوسیالیستی کوردستان باکور، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب پێشوازی لە مەسعود تەک، سەرۆکی پارتی سوسیالیستی کوردستان لە باکور psk و شاندێکی یاوەری کرد.

لەدیدارێکدا ڕەوشی ناوچەکە و پرۆسەی سیاسی لە باکوور و پرسی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا بەگشتی باسی لێوەکرا.

هەرلەو دیدارەدا باس لە هەنگاوەکانی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کاریگەرییەکانی دواکەوتنی ئەم پرۆسە لەسەر باشوور و هەموو پارچەکانی تری کوردستان تێشکی خرایەسەر.

هاوکات تەئکید لەهەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و هەنگاونان بۆ پاراستنی ئەرکە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و تایبەتمەندی لە هەر پارچەیەک باسی لێوەکرا، هەروەها باس لە سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ بەشداری لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی تایبەت بە ڕۆژهەلاتی ناوین و باکوری ئەفریقیا لە وڵاتی ئوردن و گرنگی و بایەخی بەهێزی پێگەی سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستان بۆ وڵاتانی جیهان و ناوچەکە خرایەڕوو.


کۆڵیژی زمان لە ۆرکشۆپێکی دوو ڕۆژەدا



بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین و ڕاگرانی کۆلێژەکان و ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی کۆلیژی زمان و سەرۆک بەشەکان، کۆلیژی زمان لە هۆڵی کۆچەر بیرکار لە سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆدا ۆرکشۆپێکی سازدا بەناونیشانی پێداچوونەوە بە پڕۆگرامی خوێندنی بەشەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و زمانی تورکی، لەسەرەتای ۆرکشۆپەکەدا د. عاتف فەرهادی ڕاگری کۆلیژی زمان سەبارەت بە پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندن لە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکیدا جەختی لەوە کردەوە، کە بە هەوڵی مامۆستایانی کۆلیژی زمان پێداگری لەهەموو لایەنەکانی بەردەوپێشچوونی خوێندن دەکەینەوە، هەر لەوێدا پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی لەوتارێکدا جەختی لە پوختکردنەوەی پڕۆگرامەکانی خوێندن کردەوە، هەروا باسی لە سیستەمی بۆلۆنیا، بەمەش جیاوازییەک بەدی دەکرێ لەگەڵ سالانی ڕابردوودا، واتە قوتابی دەبێ ببێتە سەنتەرێک بۆ زانیاری، هاوکات سەرۆکی زانکۆ ئەوەشی خستەڕوو کە مامۆستا و قوتابیان دەبێ هەردوو لا هەست بەبەرپرسیاریەتی بکەن.

شیاوی باسە، وۆرکشۆپی کۆلیژی زمان دوو ڕۆژ دەخایەنێت واتە لەڕۆژانی 7و 2019-4- 8لەنێوەندی وۆرکشۆپەکەدا باس لەهەموو لایەنەکانی پێداچوونەوە بە پڕۆگرامەکانی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندی باڵا، ماستەر و دکتۆرا دەکرێ، هەموو مامۆستایانی بەشی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی تیایدا بەشداریەکی ئەکتیڤ دەکەن.

کەلار ئۆتۆمبیلێکی تەکسی گڕ دەگرێت



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند دوێنێ ئێوارە لەسەر شەقامی کەلار - ڕزگاری نزیک بارەگای بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی گەرمیان ئۆتۆمبیلێکی تەکسی گڕ دەگرێت و خۆشبەختانە ئاگرەکە لەلایەن کارمەندانی هاتوچۆی گەرمیان و بەرگری شارستانی گەرمیان کۆنترۆڵ کرا و جگە لەزیانی مادی زیانی گیانی نەبوو. بە شێوەیەکی گشتیی دیاردەی سووتانی ئۆتۆمبیل لە وەرزی گەرمادا یان بەهۆی فەرامۆشکردنەوەیە، یان بەهۆی کێشەی کارەبایی و تەکنیکییەوەیە، یان بەهۆی خراپی سوتەمەنی و کێشەی بزوێنەر و خراپی کوالێتی پارچەکانی ئۆتۆمبێلەوەیە و پێویستە شۆفێر دڵنیا بێت لە سەلامەتی ئۆتۆمبێلەکە و بەردەوام پشکنینی بۆ بکات.

تیمەکێ نوشدارێن ئەمریکی گەهشتە دهوکێ دێ پشتەڤانیێ ل چاڤدێریا چر و تەنگاڤیان کەن

خەبات ـ دهوک: ل ڕۆژێن دەربازبووی تیمەکێ نوشدارێن ئەمریکی یێ پێکهاتی ژ 15نوشدار و کارمەندێن ساخلەمیێ گەهشتنە پارێزگەها دهۆکێ و بریارە بو دەمێ دو حەفتیان بمینن و چەند خولێن ڕاهێنانێ بو پێشڤەبرنا چاڤدێریا چر و پشکێن تەنگاڤییان ڤەکەن.

د.نزار عسمەت، ڕێڤەبەرێ گشتیێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ دیارکر کو نوشدارێن ناڤبری ژ گەلەک وەلاتان پێکهاتینە ب تایبەت یێ ئەمریکا و بو جارا ئێکێ یە دهێن کو بزانن کەتوارێ مە چیە و دێ چاوان شێن پشتەڤانیا مە کەن و گۆت: مە ب هەڤرا تێگەهشتنەک ئیمزا کر کو بو دەمێ سالەکێ ئەو هاریکاریا مە بکەن دوارێ پێشڤەبرنا زیرەکی و شارەزاییان دا بو نوشدار و کارمەندێن ساخلەمیێ و ڤێ جارێ تیمێ سەرەکی دێ ل نەخوشخانا ئازادی بیت و زێدەتر دێ هاریکاریا مە کەت کو بشێنێ سیستەمێ چاڤدێریا چر و هولا پێشوازیا تەنگاڤیان باشتر لێ بکەین ژبەرکو گەلەک گازندێن خەلکی هەبووینە ل سەر وان هەردو جهان و ب پشتەڤانیا وان دێ ڕەوش باشتر لێ هێت و قوناغێن بهێت دێ گەلەک نوشدارێن دیتر ل گەل دا هەبن ب تایبەت یێن نشتەرگەر کو بشێن هندەک نشتەرگەریێن ب زەحمەت ئەنجام بدەن.



هەڵمەتەکەو سەرپەرشتی کردنی لە شاری هەولێر نزیکەی 158 پزیشک سەرپەرشتی ئەو هەڵمەتەدەکەن لەگەڵ بەشداری کردنی1382 کارمەندی تەندروستی لەدەرگای مالەکان دەدەن و پێویستە دایک و باوکانیش هاوکاری تیمەکانی کەتان بکەن و بەهاوولاتیانی ڕادەگەیەنین کە ئەو پێکەتەیەپێکوتەیەکی زۆر سەلامەتە

لە کۆتاییشدا دکتۆر سەرهەنگ جەلال جامباز بەڕێوەبەری کاروباری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر گوتی: ئەو هەڵمەتە هەڵمەتێکی نیشتیمانییە دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان و هەڵمەتەکەش لەسەرتاسەری عێراق و کوردستان ئەنجام دەدەرێت بۆ هەموو ئەو منداڵانەی کە کوترابن یاهود نەکوترابن دیارە ئەو هەڵمەتە بۆ لەناو بردنی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵانە لە هەموو جیهان و هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتەکەش ماوەی پێنج ڕۆژ دەخایەنێت و پێویستە دایکان و باوکان منداڵەکانیان بۆ کوتابن ئەویش بە ئامادەکردنی منداڵەکانیان و پێشوازی لە تیمە گەڕۆکەکان بکەن لەبەر ئەوەی ئەو کارمەندانە لە پێناو سەلامەتی منداڵەکانتان بۆ پێدانی ماکوتە مالّ بە مالّ لەناو گەڕەکەکان دەگەڕێن و هەڵمەتەکەش بۆیە گرنگە تا بەرگری لەشی منداڵانە زیاتر بێت و منداڵەکان دووچار ئیفلیجی نەبن و مایەی خۆشحاڵییە ماوەی چەندین ساڵە نەخۆشی ئیفلیجی تۆمار نەکراوە و پێدانی دوو دڵۆپ لەو پێکوتەیە منداڵەکە لە نەخۆشی ئیفلیجی ڕزگار دەکات. لێرەوە سوپاسی هەردوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و یونسێف دەکەین کە هاوکاری تەواومان دەکەن لە هەڵمەتەکانی کوتان دژی نەخۆشی ئیفلیجی منداڵان بە تایبەتی ڕێکخراوی یونسێف بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوولاتیان و لە شارو شارۆچکەکان و گوندەکانیش هەڵمەتی کوتان ئەنجام دەدەرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتەکەش 426 ئۆتۆمبیل دابین کراوەو داواش لە دایک و باوکان دەکەین کە منداڵەکانیان ئامادە بکەن بۆ کوتان

وەزارەتی تەندروستی ئامادەکاری تەواوی بۆ هەڵمەتەکە کردووە

دواتر هەر دەربارەی ئەو هەڵمەتە، دکتۆر دارا ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی کاروباری تەندروستی ڕوونیکردەوە: بۆ هەڵمەتی کوتان ئێمە وەکو وەزارەتی تەندروستی هەموو کاتێک ئامادەکاری تەواو دەکەین بۆ ئامادەکردنی ستافی پزیشک و کارمەندی تەندروستی و ئۆتۆمبیل و هەر دوو ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونسێفیش هاوکارمان دەکەن و هەڵمەتەکەش سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەهەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانیشەوە دەگرێتەوە، دیارە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە 775هەزار منداڵ لە تەمەنی یەک ڕۆژی تا

لە هەولێر 303 هەزار منداڵ دەکوترێن


هەرسەبارەت بەو هەڵمەتە دکتۆر سامان بەرزنجی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر ڕونیکردەوە: داوا لە هاوولاتیان دەکەین کە هۆشیاری تەندروستی ڕەچاو بکەن بە بەشداری کردنیان تەمەنی پێنج ساڵان، کوتراین یاخود نەکوترابن پێویستە ئەو ماکوتەیە وەرگرن بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر لە دوو هەزار تیم بەشداری لە هەڵمەتەکەدا دەکەن.

گوتیشی: لێرەوە زۆر سوپاسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونسێف و لقی هەولێری مانگی سووری عێراقی دەکەین کە هاوکاری تەواویان کردووین بۆئەوەی هەڵمەتەکە سەرکەوتوو بێت و داواش لە دایکان و باوکان دەکەین کە ڕادەی هوشیاریان بەرز بێت و منداڵەکانیان بۆ کوتان ئامادە بکەن.

بڕیاردان

کەوگەز عەزیز

بڕیاردان، بەڵایەنێکی سەرەکی کرداری بەڕێوەبردن دادەنرێت کە چالاکی کارگێڕی و هەموو ئەرکەکانی لەخۆدەگرێت، بۆ نموونە، ئەو کاتەی کارگێڕ چاودێری ئەدای کارەکانی دەکات، ئەو کاتە بڕیار دەدات لەدیاریکردنی پێوەری گونجاو بۆ خەملاندنی دەرەنجامی کارەکان و ڕاستکاری پێویست دەکات لەسەر پلانەکە و ڕشت دەبێت لەڕاستکردنەوەی هەڵەکان لەکاتی بوونیدا، ئەوەش بەهۆی بوونی ئاڵۆزی لەئامانجەکاندا کە لەسیستەمە نوێیە کارگێڕییەکان بەدیدەکرێ و زۆر جار بەرەنگاری لەنێوانیان هەیە، وایکردووە گرفتەکان ڕووبەرووی سەرکردە کارگێڕیەکان ببنەوە . بۆیە بڕیاردان پێویستییەکی گرینگە بۆ بەرەنگاری ئەو جۆرە گرفتانە.



پێناسەی بڕیاردان:

- ئۆرد بڕنارد و دەڵێت، پڕۆسەیەکە هەڵدەستێت بەبژاردنی تێگەیشتنە مەبەستییەکان کە بەگشتی وەڵامدانەوەیەکی ئۆتۆماتیکی یان پەرچەکردارێکی ڕاستەوخۆی لێدەکەوێتەوە.

-عەبدولکەریم دەروێش دەڵێت، دەرەنجامی کۆتایی هەوڵە دەستکەوتە گشتگیرەکان لەبۆچوون و ڕا و بیرۆکە و پەیوەندی و تۆڕ و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەکان کە لەسەر ئاستە جیاوازەکانی دەزگاکە ئەنجامدەراوە.

- دەتوانین بڵێین، بژاردنی یەکێک لەو چارەسەریانە کە هەن لەسەر بنەمای زانستی و بابەتی لەگەڵ بنەما و پێوەرە بڕیارلێدراوەکانی دەزگاکە بگونجێ.

گرینگی بڕیاردان:

بڕیاردان پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانەی کەسی و ستاف و دەزگاکان، لەدوولایەن گرینگییەکەی دیاردەکەوێ:

* لایەنی زانستی:

گرنگی پڕۆسەی بڕیاردان بەهۆیەکی باش دەزانرێت بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژی و ئامانجەکانی دامەزراوەکە بەشێوەیەکی بابەتی، هەروەها هاوکارییەکی لەگەڵ شیکارکردنی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دارێژراو و دۆزینەوەی جێگرەکان و چارەسەرە جۆراوجۆرەکان لەڕێگای گەران و دیراسەکردنی دۆسیەی دامەزراوەکە و بە بەکارهێنانی ئامێرە تەکنەلۆژیەکان.

* دیاریکردنی جێگرەوەکان و هەڵسەنگاندنیان، لەڕێگای دیاریکردنی خاڵی بەهێز و بێهێز بۆ هەریەک لەجێگرەوەکان، پاشان ڕیزبەندکردنیان بەپێی گونجا و کاریگەرییان لەچارەسەری گرفتەکە.

* بژارکردنی جێگرەوە یان چارەسەری گونجاو، لەگەڵ بەهەندەوەرگرتنی پەرەنسیبە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕەفتار و ڕێککخراوەی و دەروونی بەگوێرەی پێوەرەکان کەئەمانەن:

- گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.
- مەترسیەکانی چاوەڕوانکراوەکان ئەوانەش ئامانج و سیستەمی دامەزراوەکە بەرجەستە و شرۆڤەیان بۆ دەکات و جێبەجێیان دەکات، زانیاری پێویستیشی کۆدەکاتەوە بۆ فەرمانبەرە کارگێڕییەکان بە بەکارهێنانی هۆیە جیاوازە تەکنەلۆژییەکان.

* لایەنی پراکتیکی:

یارمەتی بڕیاردەرەکان دەدات بۆ دۆزینەوەی هەڵوێست و ئەو هۆیانەی کە گوشاری ناوەکی و دەرەکی دەخەنە سەریان، ئەو پرۆسەیە چاودێری ئاسانتر دەکات و دەبێتە بەرگەگرتن لەئاینندەدا بەشێوەیەکی چاکتر، ئەوەی شایانە بگوترێت بڕیاردان، هۆیەکە دەتوانرێت توانای سەرکردەکان لەئەدای کار و بەرپرسیاریەتی کارگێڕییان بزانرێت.

قۆناغەکانی بڕیاردان:

قۆناغەکانی بڕیاردان لەزانستی کارگێڕی لەلایەن زاناکانە جیاوازی هەیە، ئەمانەی خوارەوە قۆناغەکانن:

* دیاركردنی گرفت و ناساندنی، لەڕێگای زانین و تێگەیشتن و دیراسەکردنی، پاشان گرفتەکە دیاردەکرێت(گرینگە، سروشتییە، لەناکاوە) دیارە گەر گرفتەکە بەخراپی دیاریکرێت ئەوا کەموکورتی لەقۆناغەکانی تر دێنێت.

* کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی گرفتەکە، بە بێت، نابێ لە خۆتەوە بێ ئاگەداری پێشوختە، جەماوەر بخەیتە ژێر باریکی قورسی ناهەمواوەرە کە دواتر کاریگەری نەرێنی لەلا جێبهێڵێت، وە خۆشت توانای چاککردنەوەت نەبێت. بەڕپرسیاریەتی یەکێکە لە پێوەرەکانی هەر ڕاگەیاندنێکی سەرکەوتوو. دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبێ بەرانبەر بە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و ئەو ژینگەیەی لێی دەژین و وەرگرەکانی خۆی ئەوەندە هەستیار و بەرپرسیار بێت، کە هەموو هەنگاوێکی بە پلان و بیرکەوتنەوەی ئەو بەڕپرسیاریەتیە بێت کە لە ئەستۆی دایە. ئەرکی ڕاگەیاندن لەو پەڕی سادەییدا بریتیە لە گەیاندنی زانیاری و گواستنەوەی ڕووداوەکان لە نێنەرەوە بۆ وەرگر، کەواتە هیچ سەرچاوەیەک و هیچ میدیۆدێکی زانستی ڕاگەیاندن ڕێگە بەوە نادات کە ڕاگەیاندن ببێتە بەشێک لە لایەنداری بۆ ڕووداوەکان لە پاڵ گواستنەوەی زانیاریەکان، کە ئەوە کاری پیشەییانەی ڕاگەیاندنەکان نیە، بیروبۆچوونی خۆیان تێکەڵ بە پێشهاتەکان بکەن و بە سیاسەتی خۆیان مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

4- مەودای گونجاندنی بڕیاردانی:
- بڕیارە نائاسایەکان
- بڕیارە سروشتییەکان.
5- بەرنامە، وەکو:-
- بڕیارە بەرنامەییەکان.
- بڕیارە نابەرنامەییەکان.
6- شێوازی بڕیاردانەکە، وەکو:-
- بڕیارە چەندییەکان.
- بڕیارە وەسفییەکان.
7- بارودۆخی بڕیاردانەکە:-
- بڕیارەکانی لەکاتی ترسناک دەدرێن.
- بڕیارەکانی لەکاتی دڵنیابوون دەدرێن.
- بڕیارەکانی لەکاتی دڵنیانەبوون دەدرێن.
8- شێوەی کارگێڕی بۆ وەرگرتنی:-
- بڕیارە هاوبەشەکان.
- بڕیارە تاکیەکان.
9- ئاراستەی ڕیکخراوەیی:-
- بڕیارە تایبەتەکان کە ئاراستەی دۆخەکان یا کەسانی دیارکراو کراوە.
- بڕیارە گشتییەکان کە ئاراستەی دۆخەکان یان کەسانی دیارینەکراو کراوە.

هۆیە کاریگەریەکانی بڕیاردان:

هەندێک هۆ، کاریگەری لەسەر پڕۆسەی بڕیاردان هەیە.

ئەو هۆکارانە کاریگەرییان هەیە لەسەر بڕیاردەر دەبنە هۆی دروستبوونی بەڵاڕێبردنی کارگێری و ناکارگێڕان ئەمانەن:-

- هۆیە دەروونی کەسەکی، کە پەیوەستە بەبڕیاردەر و بەڕیوەبەر و هەموو ئەو کەسانەی بەشدارەبن لەبڕیاردان، دوو جۆری هەیە:-

1- هۆیە دەروونییەکان، خۆی لەچوارچێوەی دەروونی بڕیاردەر و ڕۆڵی دامەزراوە لە ئامادەکردنی و پاڵنەرە دەروونییەکان دەنوێنێ.

2- کەسایەتی تایبەت بەبڕیاردەر، پێویستە کە وەسفی سەرکردایەتی کارگێری تێدا بەدی بکرێت وەکو شارەزایی و توانای لەدورکەوتنەوەی لە چارەسەری سەرنەکەوتوو، و سوود وەرگرتن لەئەزموونە باشەکان.

- کاتی تایبەت بەبڕیاردان: کات توخمێکی گرینگی بڕیاردانە، کاتی گونجاو بۆ دەربڕینی بڕیار کارێکی زۆر گرینگە.

لاوەکییانەن کە هیچ ئامانجێکی کارا بەدەستناهێنن.

2- پۆستە سەرەکییەکانی دامەزراوە، ئەوانەن:-

--بڕیارەکانی پەیوەست بەتاکی کەسەکە، وەکو دیارکردنی فەرمانبەر، دیارکردنی مووچەکەی، ڕاهێنان .....تاد.

- بڕیارەکانی پەیوەست بە بازاڕگەری، وەکو چۆنیەتی کاڵاو هۆییەکانی ڕاگەیاندن و دیارکردنی بازار و ..... تاد.

- بڕیارەکانی پەیوەست بە بەرهەم، وەکو دابەشکردنی قازانج، دیارکردنی سەرمایەی پێویست... تاد.

3- گرینگی، دابەش دەکرێت بۆ :-

- بڕیارە کارگێرییەکان.
- بڕیارە ستراتیژییەکان.
- بڕیارە کاربەڕێکەرییەکان.

ڕاگەیاندن و بەڕپرسیاریەتی



ئەحمەد حاجی سامی

ڕاگەیاندن بە سێ قۆناغی یەک لەدوای یەک گوزەری کردووە. سەرەتا ڕاگەیاندن تەنها گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی بوو. دواتر ڕاگەیاندن جگە لەوەی هەواڵ و زانیاری دەگواستەوە، بووە سەکۆیەکیش تا بیرو ڕا جیاوازەکان کۆبکاتەوە. دوای ئەوەش ڕاگەیاندن جۆرێک لە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی کاتێک توانی ڕای گشتی دروست بکات و ئاڕاستەشی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵ و زانیاری دەگواستەوە و سەکۆیەکیشی بۆ بیرو ڕا جیاوازەکان تەرخانکردبوو. زۆری نەبرد ڕاگەیاندن گەشەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، کۆمەڵێک زانای تایبەت بەو بواره، ژانەر و تێز و تێۆری تایبەت بە ڕاگەیاندنیان داهێنا و وەک دەسەڵاتی چوارەم ناسێندرا، لەلایەک دەسەڵاتەکانی دیکە. ئەوەش بوە هۆی زیاتر بەرەو پێشڤەچونی ڕاگەیاندن. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش وایانکرد کارلێککردن لەگەڵ ڕاگەیاندن هێند قورس نەبێت، چونکە بە کاتێکی کەم ئامرازی زیاتر هاتنە ناو کایەی ڕاگەیاندن. دواهەمینیشیان سۆشیال میدیا بوو(مەڵتی میدیا یان ئەنتەرنێت).

سەرەتا ڕۆژنامەی دەستنووس بوو، بە پێی سەرچاوەکانیش کۆنترین ڕۆژنامە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی (یۆلیۆس قەیسەر) کە لە ڕۆما دەردەچوو، بە ناوی (ئاکتا دیورنا) بە مانای ڕووداوی ڕۆژانە دەهات. گۆڤارەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە بەردەو پێش بردنی ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە، بە تایبەت لە سەدەی حەقدە بە دواوە، لەوانە گۆڤاری (جۆرنال دیس ساڤانس)ی فەرەنسی و (فیلۆسۆفیکاڵ ترانسەیشن)ی بەریتانی کە زیاتر لە بوارەکانی فەلسەفە و زانست و هونەر دەخولانەوە، هەرچەند ئاستی بڵاوکردنەوەشیان لاواز بوو. دواتر ڕادیۆ هاتە ئاراوە، کە خۆی داهێنانێکی گەورە بوو لەو سەردەمەدا، بە شێوەیەک لە سەرانسەری جیهان گوێگری هەبوو. سرووشتی ژیانیش وایە هەرگیز ناوەستێت و بەردەوام لە نوێبوونەوە دایە. دواتریش بە دروستبوونی میدیا (تیڤی یان تەلەڤیزیۆن) شۆرشێکی گەورە بەرپابوو، شۆرشێک وایکرد لە ماڵەوە سەیری پێشهات و ڕووداوەکان بکەیت و بە کەمترین ماوە و بێ ماندوو بوون زانیاری لایەنی ویژدانییشیان فەرامۆشکردووە، بەڵکو ئەوەی دەیانهەوێت تەنها کۆکردنەوەی کۆمەڵێک فشۆڵی فوتێکراوی کەم عەقڵە! ئەویش بۆ پڕکردنەوەی داخوازیەکانیان بە کەسانێک کە تەنها ڕۆڵی تەماشاکەر ببینن و چێژ لە جوانی کەسانێک ببینن کە ڕووکەشیان ساختەیە و ناخیان بۆشە! هیچ جۆرە ڕەوشتێکی ئەدەبیانەیان نیە و تەنها لەسەر مینبەرەکان هاواری ماف و لێدان لە ڕەگەزی بەرانبەر دەکەن، و پێچەوانەشەوە. مۆتیڤەکانیش ئاشکران، چونکە تاکی ڕۆژهەڵاتی بە بۆشاییێکی ڕۆحی و نائیرادی داسەپێندراودا تێدەپەڕێت، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەل بۆ کاری لەو شێوەیە دەهاوێژێت. هەرچەند ئەوە کاری ڕۆژئاواییەکان بوو لە ڕابردوو کە هەموو شتێکی ڕۆژهەڵاتیان برد، دواتریش وێرانیان کرد. ئێستاش جۆرەها بەرنامە و چەک و بڕیاری خۆسەپێن لەسەر ڕۆژهەڵات و تاکی ڕۆژهەڵاتی تاقیدەکەنەوە. ئەوەشی لە ڕاگەیاندنەکانی کوردی دەگوزەرێت نەخوازراوە، لە داهاتووش هەست بەو تاریکییە دەکەین کە تەنگمان پێ هەڵدەچنێت و داهاتوومان خاپور دەکات.

جا ئێستا جۆرە شتێک هاتۆتە ناو ڕاگەیاندنی کوردی کە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیانە و کاری جددی لەسەر دەکەن، ئەویش ڕووخسارە، بەو واتایەی ئەوەی ڕووخساریکی جوان و سەرەنجڕاکێشی نەبێت، ناتوانێت لەسەر شاشەکان دەرکەوێت. لە کاتێکدا ئەو جۆرە میتۆدانە لە شەست و خەفتاکانی سەدەی ڕابردوو شکێندران، ڕێبەری ئەو کارە مرۆڤانەیەش (کرستیان ئەمان پور) بوو، کاتێک دەرفەتێکی کاری بۆ ڕەخسا ، لەبەر شێوەی ڕووخساری وەک پاسەوانی دەرگا وەرگیرا، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا تا گەیشتە ئامانجەکەی و بووە شکێنەری ئەو میتۆدە نامرۆڤانەیە. و دواتریش وەک یەکەم ژنە ڕۆژنامەنووس جەنگی ئەفغانستانی دەگواستەوە. ڕاگەیاندنەکان ئەگەر بەرپرسیاریانە کاریان نەکرد هیچ شتێک فەراهەم ناکەن جگە لە ژەهراوی کردنی کۆمەڵگە. ئەگەر لە نێوان بەرپرسیاریەتی و لایەنگیری، بەرپرسیاریەتی هەڵنەبژێرن ئەوا هیچ سوودێک بە کۆمەڵگە ناگەیەنن، بەڵکو تەنها هەوڵی گەورەکردن و قەبەکردنی کۆمەڵێک بزنسمانی عەوداڵ دەدەن، کە ویستی دەسەڵات و خاپورکردنی کۆمەڵگەیان هەیە. مۆدێرنە کاریگەرییەکی ئێجگار خراپی لەسەر ڕاگەیاندنەکان هەبوو، وایکرد بەرلەوەی بیر لە بەرژەوەندی وەرگر و کۆمەڵگە و نەتەوە بکەنەوە، بیر لە قازانج و خواستە گلاوەکان و ویستە فاشیستییەکانی خۆیان بکەنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی جەماوەر و کۆمەڵگە. پێموایە ڕاگەیاندنەکان دەبێ سەرەتا لە بیری بەها ڕەوشتی و هەڵدەچنێت و داهاتووش خاپور دەکات. جا ئێستا جۆرە شتێک هاتۆتە ناو ڕاگەیاندنی کوردی کە لە هەموو شتێک زیاتر پێویستیانە و کاری جددی لەسەر دەکەن، ئەویش ڕووخسارە، بەو واتایەی ئەوەی ڕووخساریکی جوان و سەرەنجڕاکێشی نەبێت، ناتوانێت لەسەر شاشەکان دەرکەوێت. لە کاتێکدا ئەو جۆرە میتۆدانە لە شەست و خەفتاکانی سەدەی ڕابردوو شکێندران، ڕێبەری ئەو کارە مرۆڤانەیەش (کرستیان ئەمان پور) بوو، کاتێک دەرفەتێکی کاری بۆ ڕەخسا ، لەبەر شێوەی ڕووخساری وەک پاسەوانی دەرگا وەرگیرا، بەڵام ئەو کۆڵی نەدا تا گەیشتە ئامانجەکەی و بووە شکێنەری ئەو میتۆدە نامرۆڤانەیە. و دواتریش وەک یەکەم ژنە ڕۆژنامەنووس جەنگی ئەفغانستانی دەگواستەوە. ڕاگەیاندنەکان ئەگەر بەرپرسیاریانە کاریان نەکرد هیچ شتێک فەراهەم ناکەن جگە لە ژەهراوی کردنی کۆمەڵگە. ئەگەر لە نێوان بەرپرسیاریەتی و لایەنگیری، بەرپرسیاریەتی هەڵنەبژێرن ئەوا هیچ سوودێک بە کۆمەڵگە ناگەیەنن، بەڵکو تەنها هەوڵی گەورەکردن و قەبەکردنی کۆمەڵێک بزنسمانی عەوداڵ دەدەن، کە ویستی دەسەڵات و خاپورکردنی کۆمەڵگەیان هەیە. مۆدێرنە کاریگەرییەکی ئێجگار خراپی لەسەر ڕاگەیاندنەکان هەبوو، وایکرد بەرلەوەی بیر لە بەرژەوەندی وەرگر و کۆمەڵگە و نەتەوە بکەنەوە، بیر لە قازانج و خواستە گلاوەکان و ویستە فاشیستییەکانی خۆیان بکەنەوە، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخی جەماوەر و کۆمەڵگە. پێموایە ڕاگەیاندنەکان دەبێ سەرەتا لە بیری بەها ڕەوشتی و مەعنەویەکانی تاک دابن، کاری لە پێشینەی کارکرد بێت بە پەرەنسیپە ئیتیکییەکان و یاساکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن، ئینجا بیر لە بەرزکردنەوەی ئاستی خۆی بکاتەوە بە هەمان ئەو مەرجانە. ئەگەر هەر ڕاگەیاندنێکی حزبی یان ئەهلی یاخود سەربەخۆ، کاری لەسەر بەها ڕەوشتی و مەعنەویەکان کرد، وە ڕەچاوی پرنسیپ و یاساکانی کرد، بێگومان دەبێتە ڕاگەیاندنێکی نیشتمانی یان ئەوەی تۆ ناوی لێدەنێیت. زۆر کۆمەڵگە هەیە هەر زوو دەکەوێتە ژێر ڕکێفی ڕاگەیاندنەکان، لە کاتێکدا ڕاگەیانەکانی لەو شێوەیە هەوڵ بۆ دۆگما کردنی ئەو کۆمەڵگەیانە دەدەن. سیستمە تۆتالیتارەکان پێش ئەوانیش کۆمۆنیست و شیوعیەکان وە نازیەکانیش، ڕاگەیاندنیان بۆ بەرژەوەندی حکومەت و دەسەڵات بەکاردەهێنا. هیتلەر دەیزانی کە ڕاگەیاندن چ دەورێکی کاریگەری هەیە لە جەنگەکاندا، بۆیە وەزیرێکی تایبەت بەو بواردی دانابوو، تەنها پرۆپاگەندەی بڵاودەکردەوە. شیوعییەکان و کۆمۆنیستەکانیش کە بانگەشەی ڕزگاریان دەکرد دژی چینە بۆرژوازەکان و دژی سیستمی سەرمایەداری بوون، بە جۆرێک ڕاگەیاندنەکانیان قۆرغکردبوو هەموو کاریگیان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدا بوو، ئەویش بۆ شاردنەوەی کارەکانی خۆیان کە لە ژێرەوە خەڵکیان دەپوکاندەوە. سیستمە تۆتالیتارەکانیش کە دەکەونە ژێر باری سیستمی سەرمایەداری و پرۆلیتارەکان دەچەوسێننەوە، هەمیشە لە مانەوەی خۆیان بۆ ماوەیەکی درێژتر، پەنایان بۆ ڕاگەیاندنەکان بردووە، وەک سەرچاوەیەک بۆ تەمەن درێژی خۆیان. بۆ تێپەڕاندنی ئەو بارودۆخە سەختەی کە تا ڕادەیەک ڕاگەیاندنەکان بەرپرسن، دەبێ خۆمان بە زانیاری گشتی و لاوەکی دەوڵەمەند بکەین، نەک هەموو کات بکەوینە ژێر کاریگەری ڕاگەیاندنەکان و وەک گەوجێکی خۆشباوەڕی هیچ نەزان دەربکەوین. پێویستیشە هەموو ڕاگەیاندنە کورددییەکان کار لەسەر ئاشتکردنەوەی وەرگرەکان بکەن و چیدی ڕێگە بەو پەرتەوازەییە نەدەن کە لە ڕاگەیاندنەکاندا هەیە. پاراستنی دابونەرت و کلتورەکان، بەرەودان و هێشتنەوەی زمانی دایک بە زیندوویی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی و ڕامیاریی و نەتەوەیی، کاری ڕاگەیاندنەکانە بە سەرجەم ئامرازەکانیەوە. بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنەکان ئەو ئیدیۆمە باوە بشکێنن، "ڕاگەیاندنەکان تلیاکی کۆمەڵگەن". ئەوەش کاتێک دێتە بوون کە ڕاگەیاندنەکان بەرگێکی دیکەیان پۆشی و هەموو شتێکی نارەوشتی نامرۆیان دامالی و کاریان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە کرد، نەوەک هەوڵ بۆ خراپترکردنی کۆمەڵگە بدەن.



کابینەی نۆیەم واتا بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێزتر



ڕێبوار حەمەلاو شوانی

کاتێ پارتی بەهێز بێ واتا کوردستان بەهێزتر دەبێ، ئەوەش نە دروشمی بریقەدارە و نە پروپاگەندە بەڵکو مێژووی دوور و نزیکە شاهیدە کە قوتابخانەی کوردایەتی چۆن بە هەموو توانایەکەوە کاری کردووە بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی کوردستان و ئینجا پێشکەوتنی لە گشت بوارەکاندا .پارتی دیموکراتی کوردستان دوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان توانی متمانەیەکی بەرچاوی گەلی کورد بەدەست بهێنێ، هۆکارەکەشی ئەو هەڵوێستە کوردپەروەرانە و نیشتمانپەروەرانەیە کە پارتی و بارزانیی توانی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕووبەڕووی نەخشە و پیلانگێڕییەکانی ببێتەوە بە دڵنیاییەوە بەربژێرکردنی هەردوو بەڕێزان جەنابی کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم و کاک مەسرور بارزانی بۆ پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، هەنگاوێکی دروست و حەکیمانەی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ ئەمڕۆی کوردستان و ناوچەکە، بەتایبەتی دوای ئەوەی جەنابی سەرۆک مەسعود بارزانی ئامادەنەبوو پۆستی سەرۆکی هەرێم وەربگرێتەوە، ئەم دوو دەستنیشان کردنە لەلایەن سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن، بەرهەمی ئەمەش بەزوویی لەسەر ژیان و بژێوی کوردستانیان دەردەکەوێت. با بێمەوە سەر کرۆکی بابەتەکە کە من مەبەستمە لێرەدا تۆزقاڵێک لەسەری بدوێم، بێگومان ئەستەمە هەبێت بتوانێت نکۆڵی لەوە بکات، کە جەنابی کاک نێچیرڤان ئیدریس بارزانی دیبلۆماتێک و سیاسەتمەدارێکی لێهاتووی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و عێراق و ناوچەکەیە، پشت ئەستوور بەوە باکگراوەندە دەوڵەمەندەی کە لە خەبات و تێکۆشانی کوردپەروەرانەی باب و باپیران و مێژووی پڕ سەروەریی بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەیەوە بۆی ماوەتەوە، جەنابیان ئەمڕۆ بووەتە ژمارەیەکی هەرە دیار و گرنگی گۆڕەپانی سیاسی و ئاشتی و ئابووری کوردستان و ناوچەکە و جەنابیان یەکێکە لەو سەرکردە لاوانەی کە هەر لە سەرەتای بەرپرسیارێتییەوە لە حزب و حکوومەت، خاوەن کاریزمایەکی نموونەیی و سەرکەوتوو بووە، لە ساتە خۆش و ناخۆشەکانیشدا دا توانیوویەتی بە لێهاتوویی خۆی، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا زمانی هەڕەشە و خۆگیڤکردنەوە و پەنجە ڕاوەشاندنی بەرانبەرەکان بگۆڕێت بۆ دیالۆگ و لێکحاڵیبوون و چارەسەری ئاشتیانە. ماوەی چوار ساڵی رابردوو، لەگەڵ ئەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی سەخت و دژوار دا گوزەری کرد ، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەلی کورد بە رابەرایەتی بارزانی توانی لە سەختترین بارودۆخەکاندا ئیدارەی بارودۆخەکە بکات و دواتر گەمارۆ و پیلانگێڕییەکان تێک بشکێنێ و کەشتی کوردستان و سەرنشینانی بەرەو کەناری ئارامی بگەیەنێ . دوای سەرکەوتنیش لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان سەرکەوتنی گەورە و بەرچاو بەدەست بهێنێ. سێ ساڵی رابردوو کاتێک حکومەتی هەرێمی کوردستان بەناچاری بریاری پاشەکەوتی مووچەی دا چۆن چەندلایەنێک بۆململانێی سیاسی و بژێوەندییەکانیان پڕوپاگەندەی ژەهراویان بڵاوەدەکردەوە بەبێ ئەوەی ڕەچاوی باری ئابووری هەرێم بکەن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەتایبەتی لەبەرپرسیاریتیان ڕانەکردو هەوڵە دیپلۆماسییەکانی خۆیان بەگەر خست بۆچارەسەری کێشەکان ولەسەنگەری بەرگری کردنیشدا بەهیواوئومێدەوە نەخشەورێگای سەرکەوتنیان دادەناو خەونی ناحەزانیشیان لەگۆڕنا کە دەیانویست کوردستان داگیربکەن. لەسایەی حیکمەتی سەرۆک مەسعود بارزانی و دبلۆماسیەتی نێچیرڤان بارزانی و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەو خوێنی ئاڵی شەهیدان و خۆراگریی خەڵکی کوردستان تواندرا کەقەیرانەکان تێک بشکێنرێن و قوناغەسەختەکان تێپەڕێنین و بەسەرگرفتەکاندا سەربکەوین، بۆیەش گرنگە لەپەراوێزی ڕەوشی ڕابردووی نێوان هەولێر-بەغدا و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی مووچە هەڵوەستە لەهەمبەر چەند خاڵێکدا بکەین.بارودۆخی چەندساڵی ڕابردوو دەربخست کەهیچ هێزو توانایەک ناتوانێت ڕێگا لەبەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کوردستان بگرێت وەسەپاندنی هەرسزایەک سەرناگرێت وە هەموو فشارەکان کاتین تەنها هێزو ئیرادەی کوردستانیانی پێوستە کە مێژووش سەلماندوویەتی هیچ هێزێک ناتوانێت ئیرادەی گەلی کوردستان تێک بشکێنێت.



یونس حەمەد- ئۆسلۆ

خەبات.. 60 ساڵ خەبات

مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زیاترلە یەک سەدە، لەماوەی زیاتر لە سەدەیەکدا چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار و هاوشێوەکان خۆیان گەیاندە بەرچاوی خوێنەر ، هەر یەکە لە مانەلەهەلو مەرجێکی تایبەتدا وەشانی خۆیان دەگەیاندە جێگا و شوێنی مەبەست ، بەڵام لەبەر چەندین هۆ و هۆکار چ سیاسی یاخود ئابووری یا ئەوەتا کۆمەڵایەتی نەتوانرا ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەرییەکە لەکاری وەشاندن بەردەوام بێت ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕوانینی خوێنەری کورد لەمێژووی میدیای کوردیدا بووە بەردەوامی ڕۆژنامەی خەبات بوو لەکارکردندا ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کەخەبات ئەو ڕۆژنامە پڕ خوێنەر بووە هەر بۆیە شوێن پەنجەی خۆی لەدونیای ڕۆژنامەگەری بەپلەی نایاب دەرچووەوە، لەپرسی سیاسیدا خەبات خەباتی لەپێناوی مافی گەلی کورد کردووە ، هەمیشە بۆ کوردستانیان بێ جیاوازی بیروڕا وەک مینبەرێک سەکۆی خۆی کردۆتە دیاری بۆ بیروڕا جیاوازییەکان ،نەوەک تەنیا بۆ باشوور،بەڵکو بۆ تەواوی کوردستان هەروەها بۆ کوردستانیانی دووەر وڵاتیش خەبات وەک بەرگریکارێک خۆی نیشاندەوە ، لەڕووی پرسی کۆمەڵایەتیەوەش بەچاوێکی کوردانەچاوی خستۆتە سەر کێشە و گیروگرفتەکانی هاوڵاتی کردۆتە کاری سەرەکی لەبڵاوکراوەکانیدا ، لەتەمەنی خۆیدا کە 60 ساڵە خەبات بەردەوامە لەخەباتکردن لەپێناوی خۆش بەختی کورد و کوردستاندا ،و هەمیشە بەپەیامی کوردانەوە هاتۆتە بەردەستی خوێنەر ، ڕاستگۆیەکەی وای لەخوێنەران کردووە متمانەیەکی پڕ لەخۆشەویستی بۆ دەربڕن ، ڕۆژنامەی خەبات جگە لەوەی وەک قوتابخانەیەکی سیاسی ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی ،بەڵام خەمی خەڵک لە پلەی یەکەمی کاری کارمەندانیدا بووە ، وێڕای ئەمانە وەک قوتابخانەیەکی زانستی و ئەکادیمی لەلایەن میدیاکارانەوە بینراوە ، لەزۆربەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی کوردستان کارمەندانی ڕۆژنامەی خەبات شوێن پەنجەیان دیار و بەرچاو بووە و بوونەتە جێگای متمانە.. 60 ساڵ تەمەنێکی پڕ بەهایە بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاستەقینەی کوردایەتی، لەمەدا ڕۆژنامەی خەبات توانیویەتی لەماوەی دەرچوونیدا و تا ئێستا بەردەوام بێت ، هەمیشەش ئاستی پڕ بەها و بەسەنگ بووە.

سایکۆلۆژیای سروشت سوودەکانی سروشت

د. نەسرەدین ئیبراهیم کۆڵی*

لە پەراوێزی هاتنی بەهار، ئەو وەرزەی لە شارستانیەتی کۆنی کورددا پیرۆزی خۆی هەیە دەبێ بزانین کە کۆمەڵگەی کوردەواری خاوەن فەلسەفە و چەمک و تێڕوانینێکی دەوڵەمەند و تایبەتە بۆ سروشت و ژینگە، کە کەمتر نەتەوەیەک هەیەتی، ئەو تێڕوانینە پێشینەیەکی مێژینەی هەیە، تیایدا خاک و ئاو و ئاگر و هەوا جێگەیەکی تایبەتی هەیە، لە هەمووی گرنگتر بەهای دار و درەختە. ئەو بەهایە تا ئێستاش لە نێو زۆرێک لە ناوچەکانی کوردستان بەدیدەکرێت وەک هەورامان، خۆشناوەتی، بارزان، و ...هتد.

1

ئەوەتا تۆێژەری دیرۆکناسی کوردستان، جەلیل عەباسی، لە پەرتووکێکی خۆی لەبارەی ئاڤێستا و زەردەشتدا، ئاماژە بە نموونەیەک دەدات کە پیرشالیاری هەورامانە، کە بە نوێنەر و جێگری زەردەشت و لەو ناوچەیە هەژمارەدەکرێت و خاوەن پەرتووکێکی بەنرخە، کە هەژمارێکی زۆر ڕێنمایی فەلسەفی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت لە پێناو بەختەوەری و ئاسوودەیی مرۆڤایەتی. لە شوێنێکی ئەم پەرتووکە هاتووە:"دار و درەخت جوانن. ئەوانیش گیاندارن. هیچکات مەیانبڕە. بیر لەوە بکەنەوە ئەگەر دەست و قاچ یان گوێ و لووتتان ببڕدرێن چی ڕوودەدات؟" ئەو نموونەیە شارەزایی و زانیاری تاکی کوردی بەر لە هەزاران ساڵ، دەردەخات کە لە بیروباوەری خۆیدا ئەو دار و درەختە بە خاوەن گیان، واتا خاوەن سایکۆلۆژی و ڕەفتار و کردار و هەست و سۆز دەزانێت و وەک مرۆڤ و گیانەوەرەکانیتر، تازە بە تازە ئێستا هەندێ لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک ژاپۆن ئەو ڕاستییەیان دۆزیوەتەوە.

یەکێک لە جوانترین خەسڵەتەکانی نێو خەڵکی دەڤەری بارزان، کە لە ماوەی 30 - 40 ساڵی ڕابردوو سەرسامی کردووم بایەخدانە بە دار و درەخت و سروشت، و تەنانەت هەر بارزانییەک، چ لە کاتی ئاوارەیی و چ لە دەڤەری خۆیان، بەر لە دانانی بناغەی خانوو بناغەی درەختێک دادەنێ و هەمیشە ئەو شوێنەی لێی جێگیر دەبن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەوان هەڵگری پەیامی پیرۆزی نەوەی ڕاستەقینەی شارستانیەتی ئاریاییەکانن کە سروشتیان پێ زۆر پیرۆز و گرنگ بووە. کاتێک دوای جەنگی داعش تەماشەی ناوچەکانی کوردستان و دەوروبەرمان دەکەین، چی دەبینین؟ باشە لە دوای ئەو هەموو جەنگە ماڵوێرانکەرەی مرۆڤ لەم گەردوونەدا و بەتایبەت لە سەدەی بیستەم کە بە گەواهی مرۆڤایەتی بە ئەندازەی هەموو شارستانییەتەکەی جەنگ ڕوویناداوە، دەبێ بپرسین مرۆڤ بۆ دەبێ لە ئاست سروشت بەو ڕادەیە زۆردار و ستەمگەر بێ؟ بازرگانانی جەنگ، گەندەڵکارانی سیاسی و ئایینی و ئابووری، خیانەتکاران و مرۆڤ و نەتەوەفرۆشانی ئاگرخۆشکەری جەنگ، نەتەوە خۆبەزلزان و خۆپەرستان و خۆ بە پیرۆز زانەکان، هەڵپەرستان و دەمارگیر و دۆگماتیزم و دماگۆژیەتی دێمۆکراسی و تیرۆریزمی ئایینی و سیاسی و سەرلێشێواو و هەموو ئەو کەس و لایەنە نامرۆڤانە چیان لە سروشت دەوێ کە بەم شێوە نارەوا و نامەردانە پەلامارییان داوەتێ و ژیانیان لە مرۆڤایەتی تاڵ و ناخۆش کردووە؟ دەبێ لە (14) ئادار، ساڵرۆژی دار و درەخت و سروشت، مرۆڤ وڵامێکی بۆ ئەم پرسیارە و هەزاران پرسیاری هاوشێوە هەبێ، ئەگینا چارەنووسێکی ناشرین چاوەڕوانمان دەکات. سروشت یەکێک لە دیوە هەرە سەرسوڕهێنەرەکانی بوون (وجوود)ە لەم جیهانەدا. ئەم سروشتە بەهەموو ئەو شتانەی کە تیایدان و بەتایبەت ئەوانەی کە ئێمە بێ گیان هەژماریان دەکەین وەک دار و بەرد و شاخ و کێوەکانی جوانترین پێناسەی بوونی خوای گەورەن و هاوکات سروودی بێدەنگی ئەم دار و بەرد و شاخ و کێوانە جوانترین سروودەکانی جیهانی ئێمەن بەتایبەت کە سروودەکانی مرۆڤ، کە بۆ ماوەی نزیک یەک ملیۆن ساڵە لەسەر گۆی زەوی دەژیێ، دەردەهێنەرترین سروودەکانی ئەم گەردوونە و مرۆڤ بەزیانترین بوونەوەری گۆی زەوی بووە و بەدرێژایی مێژوو گۆرزی کۆشندەی لە خۆدی خۆی و لەسروشتی داوە و دوریش نییە ببێتە ئەگەری لەناوبردنی ژیان لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام بە پێچەوانە سروشت بە خۆڕاگری و سروودی هێمنانەی خۆی جگە لەباوەش گرتنی مرۆڤ و بەرد و شاخ و کێوانەوەر جوانترین سروودەکانی جیهانی ئێمەن بەتایبەت کە سروودەکانی مرۆڤ، کە بۆ ماوەی نزیک یەک ملیۆن ساڵە لەسەر گۆی زەوی دەژیێ، دەردەهێنەرترین سروودەکانی ئەم گەردوونە و مرۆڤ بەزیانترین بوونەوەری گۆی زەوی بووە و بەدرێژایی مێژوو گۆرزی کۆشندەی لە خۆدی خۆی و لەسروشتی داوە و دوریش نییە ببێتە ئەگەری لەناوبردنی ژیان لەسەر ڕووی زەوی، بەڵام بە پێچەوانە سروشت بە خۆڕاگری و سروودی هێمنانەی خۆی جگە لەباوەش گرتنی مرۆڤ و بەرد و شاخ و کێوانەوەر هەزاران جۆری دیکە گیانەوەر سیمفۆنی ئارامی و ئاسوودەیی ژەنیوە و تەنیا لە هەندێ دیاردەی وەک بۆیە لەرزە و تسۆنامی و ... هتد، بەردەوام بێشکەی ئاسوودەیی و دڵنیایی بووە بۆ هەموو ئەو کەس و گیانەوەرانەی تیایدا ژیان بەسەردەبەن.



سروشت کێیە یان چییە؟

ئەگەر هەندێ تایبەتی وەک زەردەشتی بڕوایان بەوە هەیە کە سروشت بە هەموو ئەو دار و بەرد و شاخ و دەشت و کێو و دۆڵەکانیەوە گیانیان هەیە و زیندوون، دوور نەبێ لە ڕاستی لەم سونگەیەوە ئەگەر بمانەوێ بەراوردێک بکەین لە نێوان پێکهاتەی سروشت و پێکهاتەی مرۆڤ ئەوەتا دەبینین سەقامگیری دەروونی لە ناخ و ناوەڕۆکی سروشت لە ئاستێکی زۆر بەرزتر لە مرۆڤ دایە. مرۆڤ ئەو بوونەوەرەی بیردەکات و ڕەفتارەکانی دەپێورێن و دەکرێ پێشبینی ڕەفتارەکانی تری بکرێ، ئەو بوونەوەرەیە کە پێچەوانەی سروشت زۆرترین زیانی بەخۆی گەیاندووە و هەمدیسان گەورەترین دەستکاری لە جیهان و ژینگەی دەوروبەری خۆیدا ئەنجامداوە. سروشت ئەو دەشتەیە کە بە پێکهاتە جیاوازەکانی خۆی دڵدەی یەکێک لە مەترسیدارترین بوونەوەرەکانی سەر زەوی داوە کە بریتییە لە مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە بە پێچەوانەی بوونەوەرو زیندەوەرەکانی تر هەم خاوەن مێشکە و بیردەکاتەوە کە چی لەگەڵ ئەوەشدا هەر چی ڕەفتاری هۆڤانە و دڕندانە هەیە هەر لەخۆی دەوەشێتەوە. بەڵێ ئەمەیە مرۆڤ و ئەوەیە سروشت. دوو تێڕوانین و فەلسەفە و ڕەفتار و بەرهەمی جیاواز.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای توتمە جۆری ئۆتۆمبێل: مقطورە تریلە فلات مزود بیچادر متحرکە رەنگی: نفتی ژمارەی لاشە (شاصی) WSM٠٠٠٠٠٠٣٠٦٥٨٩٧ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی مۆلەتی لێخورینی گشتی بەناوی گۆران قادر محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقود : فيصل جردو عبدو

قدم السيد / جردو عبدو حسين طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

RT BANK

٧٥/Ref:RT/AD/COR

٢٠١٩/٠٤/٠٧:Date

الى/ السادة دائرة مسجل الشركات المحترمين

مديرية شركات/ اربيل

عالان غلق اكتتاب

تحية طيبة

استنادا لاحكام المادتين (٤٢-٤٣) من قانون الشركات رقم ٢١ لسنة ١٩٩٧ المعدل و بالنصر لانتهاء المدة المحددة للاكتتاب باسهم شركة (kuraz Inshurance) للتامين العام/ مساهمة خاصة ولحصول الاكتتاب ب (كامل) الاسهم المطروحة للاكتتاب تقرر غلق الاكتتاب نهاية الدوام الرسمي ليوم (الاحد) مصادف ٢٠١٩/٤/٧.

وقد تم تزويدكم بكتابنا هذا بناء على طلب الشركة، دون اى التزامات اخرى من قبلنا.

طلال عبدالسلام سليمان

المدير المفوض

***

دادگای بەرایی هەولێر/٢

ژمارە: ٣٥٦١/ب/٢٠١٧/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (PETEROSCOPE DRILLIN LIMIRED) بۆ بازرگانی گشتی سەرەرای کارەکەی

لەسەر داوای داواکار (بەرێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای (HEB INTERNATIONAL FZE) سەرەرای کارەکەی) لە داوای ژمارە (٣٥٦١/ب/٢٠١٧) ئەم دادگایە لەبەروارى ٢٠١٩/٣/٢٦ بڕیاریدا لەسەرتان بەدانی بڕی پارەی $٢٦٤,٥٠٠ دوو سەدو شەست و چوار هەزار و پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر بە (٣٣١,١٤٥,٠٠٠) سێ سەدو سی و یەك ملیۆن و سەدو پەنجا و چوار هەزار دیناری عێراقی بۆ داواکار، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی ناز ستی) لە ٢٠١٩/١/٢٤ بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەبڕیارەکە لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان و بڕیارەکە پاشملەیە (معلقا علی الاستکتاب و المضاهاة و النکول عن الیمین قابلا للاعتراض و الاستئناف و التمییز) و مافی تانەدانت هەیە لە بڕیارەکە لەماوەی یاسایی بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا..

دادوەر/ بهزاد جهاد فائق

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٥

ژمارە:٢٢٣٩/ش/٢٠١٨/٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٤

جاڕدان

بۆ/ داواڵێکراو (چیا علی سهایل) شوێنی دانیشتن نادیارە.

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (٢٢٣٩/ش٢٠١٨/٥) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بڕیاریدا بە جیابوونەوە لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر گەرەکی (٣٠ شەهیدانی باداوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا لە پێڕاگەیاندنت لە رێگەی (١٠) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

رۆژنامەی ناوەخۆیی رۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠) رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنت بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/ پەژار عبدالله نصیف

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٥٧٢٦/ش/٢٠١٨/٢

رێکەوت:٢٠١٩/٤/٧

جاردان

بۆ داواڵێکراو ابراهیم انور اسماعیل شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٥٧٢٦/ش/٢٠١٨/٢) وە لەبەروارى ٢٠١٩/٣/٢٧ بڕیاریدا لەسەر تفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار شیرین محمد اسماعیل لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی باداوە بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم دادبینی, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

جاردان

بۆ داواڵێکراو: ایثار اسماعیل حسن شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (عبدالامیر هاویل ساکا) داوای ژمارە (٤/ب/٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو، تێیدا داوای چۆڵکردنی خانووی ژمارە ٣٩٥/١٦٣ کەرتی ٥ عەنکاوەی کردبوو ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/٣/٢٧ بڕیاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بەچۆڵکردنی خانوەکەو ڕادەستکردنەوەی بە داواکار لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری عەنکاوە بۆیە بڕیارەکە بڵاوکرایەوە بەپێی ئەوەی داواکار بڕیارەکە بە پێراگەیاندنت بەبڕیارەکە بۆ دەربچێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لەماوەی یاسایی نارازیبوونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.

دادوەر/ نهاد صباح الدين علی

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ٤٠٧/ب/٢٠١٨

رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧

جاردان

بۆ داواڵێکراوان: (ولید و ئاثر و نوزاد و ایڤان و بتسول و برنادیت و اکرم احلام و الهام و ژیان و ڤیان) کوران و کچانی یوسف یلدا یوسف سەرەرای میراتگریان.

داواکار (سالم سولاقا یعقوب) داوای ژمارە ٤٠٧/ب/٢٠١٨ لەسەرتان تۆمارکردووە لەم دادگایە کە تێدا داوای دانی جیاوازی نیوان دوو نرخ (فرق بین البدلین) مولکی ژمارە (٦١٨/١) کەرتی ٥ عەنکاوە) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری عەنکاوە بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم دادبینی, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٢٣٥٤/ب/٢٠١٨/٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٣

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (زینب هیثم سعید)

داواکار (احمد خالد حازم) داوای ژمارە ٢٣٥٤/ب/٢٠١٨/٥ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری (٧٦,٢٥٠,٠٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ ئۆزال ستی) بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ رۆژی دادبینی (٢٠١٩/٤/٢١) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..

دادوەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:١١٠٠/ش/٢٠١٩/٢

رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣

جاردان

بۆ/ داواڵێکراو (ئیما نوئیل یوهنس حاوحون

شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (رۆژان جوهر جەال) داوای ژمارە (١١٠٠/ش/٢٠١٩/٢)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق للهجر) دەکات لە تۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (هەولێر/ گەرەکی ملایان) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی نامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٥/١٣, بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

سەرۆکاتیا دادگەها تینهەلچوونا ناوچا دهوك

دادگەها بەرایی/ زاخۆ

ژمارە: ٤٢/ب/٢٠١٩

مێژوو: ٢٠١٩/٤/٤

ئاگەهداری

بۆ داواڵێکراو (دلمان یونس مجید) جهێ ئاکنجیبینا تە یا بەرێ زاخو- کومەلگەها صلاح الدین جهێ ئاکنجیبینا نوکە نەدیارە ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ٢٠١٩/٤/٢ ل داوا ژمارە (٤٢/ب/٢٠١٩) بریار دا ب مولك کرنا خانووبەرێ ژمارە ١١٧٨/٣٢ کەرتێ ٩١ جوار زاخو) (عەرد و ئاڤاهی) بناڤێ (خلات زهدی غنی) و دگەل خەرجی خستنە ئەستو ماندیوونی پارێزەر بو بریکارێ داواکاری پارێزەر (خدیجة علی مصطفی) ب کۆژمێ (٢٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیون دینار وژبەر دیار نەبینا جهێ ئاکنجیبینا تە لدیڤ نڤیسارا بنگەهێ پولیسین زاخو ژمارە ٩٩٩ ل ٢٠١٩/٤/٣ و ڕۆنکرنا راگەیەنەرێ بنگەهێ پولیسێن زاخو ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٤/٣ و هەڤبێچ دگەل پەسندا هەبڵیژارێ گەرەکا صلاح الدین کۆ تێدا هاتیە دیارکرن (ناڤێ وی د تومارا گەرەکا مەدا هەیە مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبینا وی نەیارە و مە پیزانین ل دور نینن) دادگەهێ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامەیێن نافخویی و ڕۆژانەدا دا تو بهێیە ئاگەهدارکرن ب بریارێ, و ئەڤ بریارە هەلاویستیە لسەر سەر نەهێنانەبەر ژ سێند خارنێ لدەمێ نکولێ و نەرازیبوونێ و تەمافێ نەرازیبین و پێداچوونێ هەیە د ماوێ یاسایدا و بەروڤاژی بریار دێ پلا بنبرێ وەرگرت.

دادوەر/ احمد حسن خلف

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەروارى : ٢٠١٩/٤/٧ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٦٨) کەرتی (روت) بە ناوی (حسن خضر حسین) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماۆکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەروارى : ٢٠١٩/٤/٧ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە

بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٥٢/٥٨) کەرتی (نصاری) بە ناوی (فرید حنا متی) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماۆکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تومارکردنی خانووبەرە ڕێڤەبەریا تومارکرنا خانووبەرە ل زاخو

جاردانی داواکاری سەرلەنوێ تومارکردنەوەی خانووبەرە

بەپێ ی ئەو داواکاری یەی ل بەروارى : ٢٠١٩/٤/٧ ، کە پێشکێش بەم فەرمانگایە کراوە

بۆ لە سەر نوێ تومارکردنی تەواوی خانووبەرەی ژمارە (٥٢/٥٨) کەرتی (نصاری) بە ناوی (فرید حنا متی) کە لە ژێر دەستی یەتی بۆ ماوەی یاسایی وەك خاوەنی وبەمەبەستی چەسپاندنی خاوەنداریەتی یەکەی بۆ ئەوەی بە پێ ی یاسایی تۆماۆکردنی خانووبەری ژمارە (٤٣) سالی ١٩٧١ تومار بکرێت . بریارماندا داواکاری یەکە بلاو بکرێتەوە ، جا هەرکەسێ پەیوەندی هەبێ یا مافێکی دیارکراوی هەبێ (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەکە، بەلگەو قەوالەی خوی پێشکێش بەم فەرمانگایە بکات ولە کات ژمێر (١٠) ی بەیانی ڕۆژی دوای کوتایی هاوەی ئەم بلاوکردنەوەیە لە شوێنی خانووبەرەکە نامادەبێت بۆ سەلماندنی مافەکانی لە کاتی ئەنجامدانی ئەو نۆرینەکە لەو لەو ڕۆژی بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدرێ .

یونس محمد أحمد/ ریڤەبەر

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٨/ت/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٤/٧

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٩٥٤٨٦/هەولێر-بارهەڵگر) جۆری مازدا ستیشن مۆدیل ١٩٩٠ ڕەنگی سوور کە بەناوی خوالێخۆشبوو (شیروان غفور حمد) لەڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێر ١٢/ی نیوەڕۆ جاهەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات باناماەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی ١٠٪ لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنداوە بەنرخی (٣٦,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن و شەش سەد هەزار دینار.

داوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ١٩/ت/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٤/٧

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فڕۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٥٣١٣/هەولێر کڕێ) جۆری (تویوتا کرولا_کڕێ) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (محمد حسین مصطفی) لەڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٤ کاتژمێر ١٢/ی نیوەڕۆ جاهەرکەسێك دەیەوێ بەشداری کڕینی بکات باناماەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی ١٠٪ لەگەڵ خۆی بهێنێت ، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنداوە بەنرخی (١١,٤٠٠,٠٠٠) یازدە ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار.

داوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/١

ژمارە: ١٢٩٥/ش/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٤

ئاگانامە

داواکار/ ڕۆژگار سامی غریب: ناونیشان/ سلێمانی داوالەسەرکراو/ مارتا دانیلا سیلڤا: ناونیشان/ نادیارە

داواکار (ڕۆژگار سامی غریب) داوایەکی بەژمارە (١٢٩٥/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایەدا هاتووە بە (تصدیق طلاق دەرەکی وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەوە بەمەبەستی نامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە بەروارى ٢٠١٩/٥/٥ کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەرلەبەیانی بەپێچەوانەوە نامادەنەبین خۆتان یان بریکارتان ئەوا داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

داوەری یەکەم/ د. سردار علی عزیز

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە:٣٥٨١/ش/٢٠١٧/٢

رێکەوت:٢٠١٩/٤/٣

جاردان

بۆ داواڵێکراو عزة نامق شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٣٥٨١/ش/٢٠١٧/٢) وە لەبەروارى ٢٠١٨/١/١٧ بڕیاریدا لەسەر تفریق للهجر لەنێوان تۆ و داواکار هەتاو فؤاد احمد لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی گولان بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی ١٠ دە رۆژ لە رۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/طارق حسین کریم

***

بەڕێوەبەرایەتی یەکەمی تۆمارگەی خانووبەرەی هەولێر/١

جاردانی داوکاری سەر لەنوێ تۆمارکردنەوەی بەپێی ئەو داواکاریەی لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/٢١ پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیەکەمان کراوە بۆ سەر لەنوێ تۆمارکردنی تەواو خانووبەرەی زنجیرە (٢١٤) گەرەك (عرب) بەناوی نادر حمد حسن کە لەژێر دەستییەتی بۆماوەی یاسایی وەك خاوەنی وە بەمەبەستی زنجیرە خانووبەرەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی خاوەندارییەتەکەی بۆ ئەوەی بەپێی یاسایی تۆمارکردنی خانووبەرە ژمارە (٤٣) سالی (١٩٧١) تۆمارکرێت بڕیارماندا داواکاریەکە بڵاوکرێتەوە جا هەرکەسێك پەیوەندی هەبێت یا مافێکی دیاری کراوی لەسەر هەبێت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەکە بەڵگەو قەوالەی خۆی پێشکەش بەم تێبینەرایەتیە بکات و لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کرێار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر

خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مەلکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف البركة التركی)

- خاوەن مولك (گیلان رفعت حمدامین)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- ڕووبەر (٦٠٠م٢) تەنها یەك پشك (٣٠٠م٢) کە بەشی قەرزارە

- ژمارەی مولك (٤٣/١٥٤ ك ٩٤ باداوە)

شوێنی مولك (گەرەکی مفتی/ پشت باڵەخانەی تەلەفزیۆنی ڕووداو نزیك سوپەرمارکێتی ئالتون)

- پێکهاتەکەی/ چوار ژووڕو ناندین و گەرما و ئاودەست و هۆڵ لە خوارەوە دوو ژووڕو حەمام و ئاودەست لەسەرەوە لەبلۆك و کۆنکریت دروست کراوە.

***

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتییە پەیوەندیدارەکان من (دارا ڕەفیق محمد) کە بەپێی کۆنووسی بریاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای ڕۆتێد بۆ بازرگانی گشتی سنووردار) لەڕۆژی ٢٠١٩/٣/٢٥ دا بریار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا.. ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ، هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لەماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا پەیوەندی بەپاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە.

پاکتاوکار / دارا ڕەفیق محمد

٠٧٧٠١٥٤٩٠٧٩

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

ژمارە/ ١٨٠٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٨

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە ڕێگای زیادکردنی ناشکرا (المزایدة العلنیة هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (١٥٤/٤٣ ك ٩٤ باداوە) کە تۆمارە بەناوی قەزرار (گیلان رفعت حمدامین) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەڕۆوەندی خاوەن قەرز (مصرف البركة التركی) لە جیاتی قەرزی بری پارە (١٥٠٢٠٠٠٠٠) سەدو پەنجا ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانینی کرێار بروانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت ڕەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر

خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مەلکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف البركة التركی)

- خاوەن مولك (گیلان رفعت حمدامین)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- ڕووبەر (٦٠٠م٢) تەنها یەك پشك (٣٠٠م٢) کە بەشی قەرزارە

- ژمارەی مولك (٤٣/١٥٤ ك ٩٤ باداوە)

شوێنی مولك (گەرەکی مفتی/ پشت باڵەخانەی تەلەفزیۆنی ڕووداو نزیك سوپەرمارکێتی ئالتون)

- پێکهاتەکەی/ چوار ژووڕو ناندین و گەرما و ئاودەست و هۆڵ لە خوارەوە دوو ژووڕو حەمام و ئاودەست لەسەرەوە لەبلۆك و کۆنکریت دروست کراوە.

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ڤیلا) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنووردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر

ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٧٥٩٥٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٥٢١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٤
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سەروەر) بۆ بازرگانی گشتی و خۆراك/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (فوزی جلیل خلیل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٥٦٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧
داخستنی لقی کۆمپانیای (بەغدا)
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (اوروك لخدمات الحاسبات و الاجهزة المكتبية/ المحدودة) لە (بەغدا) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لەیاسایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بەداخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە و سرینەوەی لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لە یاسایی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠١٩/٤/٧
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٤٢٣
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڤیلا) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٣/٢٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین عبدالله قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٤٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/١
جاردان
بۆ داوالێکراو: مشتاق احسان رمضان شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە
داواکار (مهـا محمـد ممـو) داوای ژمـارە (٤٣/ب/٢٠١٩) لەسـەرت تۆمارکردبـوو، تێیـدا داوای کـەل و پەلـی ناومالّـی هاوسـەری خـۆی دەکات لـە تـۆ یـان بـری پارەکـەی ئەگـەر نەمبـوو کـە دەکاتـە بـری ٦٩٥٠ دولار لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بەپێـی ئاشـکرا بکـەت پێتقـێ یـە داخوازێـن خـو پشکێنشـی سـەروکاتیا باژێرڤانیـا زاخـو بکـەت لگـەل دابینکرنێـن دەسـتپێکی (تامینـات اولیـە ب بـرێ (٢٠٪) ژ بەرامبەریـا پێشـکێش کـری (البـدل المقـدر) د مـاوێ (١٥) رۆژا دا هـەر ژ بـەروارا بەلاڤکرنـا ئاگەهدارییـێ د رۆژنامـا فەرمـی دا و سـەرێکا زێدەکـرن دێ ل دیوانـا سـەروکاتیا باژێرڤانیـا زاخـو هێتـە کـرن پشـتی بـداوی هاتنـا مـاوێ بەلاڤکرنـێ و هەرکەسـێ سـەرێکا زێدەکـرن بگەهـتێ دێ کریێـن بەلاڤکرنـێ و ئاگەهدارییـێ و گشـت خەرجـا سـەردەرکت.
ئەندازیار/ بشار منیب محمود
سەرۆکی باژێرڤانیا زاخو
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٥٤/ ٢٠١٨/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٧
پێراگەیاندن گلدانەوەی بەردەوامی سامانە نەگوێزراوەکان
بۆ / قەرزار (یونس محمد فتاح)
لەبـەر نەزانیـن ونەدیـاری شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت بویـە لـە رێـی دوو رۆژنامـەی ناوەخـۆوە پێتـان رادەگەیەنیـن بریـاردرا جهـێ (مودریـن/ دگـەل کـەل وپـەلان) ی ئێـوە نیشـانەی گلدانەوە لـە سـەر دابنرێـت لـە باتـی بـری دانـە پـارەی (قـدر محمـد اسـماعیل) پێویسـتە ئـەو پارەیـە لـە مـاوەی (٣) سـی رۆژ لـە دوای رۆژی پێراگەیاندنتـان بـدەن دەنـا سـامانە گلدراوەکەتـان بەپـێ ی ئـەم بریـارە وپشـت بـە مـادەی (٨٧) لـە یاسـای جـێ بەجـێ کـردن دەفرۆشرێـت
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ٥/خ/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٧
ئاگاداری
ناوی قەرزار : لقمان بیهان
ئافاهیـی (المشیدات)لسـەر مولکـی ژمـارە (٢٠٣٧/٣) کەرتـی ١٣ تلکـبر)ی وفاهیـی تـە (المشـیدات) لسـەر مولکـی ژمـارە (٢٠٦١/٣) کەرتـی ١٣ تلکبر)ی ئێـوە بـە بنبـری فـروشرا بـە بـری (٤٠٣٤٠٠٠٠) چـل مەلیـون وسـێ سـەد وچـل هـزار دینـاری عیراقـی لـە جیاتـی پـارەی خاوەن قـەرز (مرعـی صدیـق بیرمـوس) بـە پێـی مـادەی (٩٧/سـییەم) لـە یاسـایی جـێ بەجـێ کـردن بریـاردرا فرۆشـتنەکانتان پێرابگەیەنیـن تـا وەکـو لـە مـاوەی (١٠) دەہ رۆژ لـە دوای رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە قەرزکـە بدەنـەوە کـە بـری (١٠٠٠٠٠٠٠٠) سـەد مەلیـون دینـارە بـە پێچەوانـەوە مولکەکـەتـی لـە سـەرەوە دیـار بەپێـی یاسـا نـاوی کریـار تومـار دەکرێـت
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
دادگای بەرایی دهوك
ژمارە: ١٣٣٤/ب/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
راگەهاندن
بۆ داوالێکراوی: سلفانة حسین مجید/ جهێ ئاکنجیبوونێ نەدیارە.
قـێ دادگەهـێ ددواویـا ژمـارە ١٣٣٤/ب/٢٠١٨ ل رێکەفتـی ٢٠١٨/١٢/٢٠ بریـاردا دانـا تـە بـۆ داواکاری (نجیبـە مصطفـی سـیف الدیـن) ژ کۆمـێ پـارە (٧٣,٠٠٠)$ حەفتـی و سـی هـزار دولار ئـەوی دیبتـە ٨٧,٨٩٢,٠٠٠ هەشـتی و حەفـت ملیـون و هەشـت سـەدو نـوت و دوو هـەزار دینـاری عیراقـی دگـەل مەزاختنێـن داوایـێ ب رێژەیـی و ماندی بوونی پارێـزەران یـا بریـکاری داواکاری پارێـزەر (عائشـە عبداللـە علـی) ژ کۆمـێ پـارە (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیـون دینـار و ژبـەر جهـێ ئاکنجیبوونـا تـە نەدیـارە ل دیـف نقیسـارا رێڤەبەریـا راگەهاندنـا دادوەری ل دهـوك یـا ژمـارە (٧٧٥) ل رێکەفتـی ٢٠١٩/٣/١٢ و قـەژارا هەلبـژارێ کـری باصـی تاخـی شـەهیدان ل رێکەفتـی ٢٠١٩/٣/١٠ قـێ دادگەهـێ بریـاردا تـو بهێیـە ئاگەهدارکـرن ب بریـارا ناڤبـری قـێ دادگەهـێ بریـکا دوو رۆژنامێـن نافخۆیـی لدویـف مـادێ (٢١) ژ یاسـایا دادبینیـا شارسـتانی وتـە مافـێ نەرازیبونـی و تێهەلچوونـی و پێداچوونـی هەیـە دمـاوێ یاسـایی دا بەروڤـاژێ دێ بریـار پـلا ڤەبـر وەرگریـت ل دیـف یاسـایی.
دادوەر/ ریبوار محمد حسن
***
بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٦٨٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧
ئاگاداری
بۆ/ کمال حمید احمد
لەبـەر نەزانیـن و نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت, بۆیـە بەپێـی مـادەی (٢٧) لەیاسـای جـێ بەجـێ کـردن, بریـاردرا لەرێـگای رۆژنامەیەکـی ناوەخـۆوە پێـت رابگەیەنیـن تـا لەمـاوەی (١٥) رۆژ لـەرۆژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە لـە بـەردەم ئـەم بەرێوەبەرایەتـی یـە ئامـادە بێـت بـۆ ئەنجامدانـی رێکارەکانـی جـێ بەجـێ کردنـی دانـەوەی قـەرزی (منصور محمد سلطانی) کـە بـری (١٣٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیـۆن دینـارە لـە بـری مولکـی ژمـارە ١٩/٢٠١ ك ٤٦ وارش ئەگەرنـا بەپێـی یاسـا ناچـار دەکرێـت قەرزەکـە بدەیتـەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه
***
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ١٧٠/ك/ ٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٢٦
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو (سەرباز عبدالله حسین)
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی یاسـایی (١٢٣) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی دادگاکەمـان بریـاری دا لەرێـگای رۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادرت بکاتـەوە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە داوای ژمـارە (١٧٠/ك/٢٠١٨) بەپێـی مـادەی ٤٥٦ی لـە سـکاڵای دادخـواز (لیڤـار حسـیب محمـد) لـە کاتژمێـر (٩) لەبـەرواری ٢٠١٩/٥/١٥ بەمەبەسـتی دادگایـی کردنـت بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادوەر/ عادل عمر عبدالله
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٩٦/ج/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ باسم زیاد حمید فیصل
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی تـۆ تۆمەتبـاری بەپێـی مـادەی ٤٤٤ لەیاسـای سـزا و سـەلماندنی هەلاتنـت وە نادیـاری جێگاکـەت لـە کاتـی ئێستادا بۆیـە بریـاردرا پاڵپشـت بەمـادەی ١٤٣ لەیاسـای بنەمـا دادگاییەکانـی سـزایی بەپێراگەیاندنـت لـە دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بـۆ ئامادەبوونـت لەبـەردەم دادگای تاوانـی یەکـەم لـە هەولێـر لـەرۆژی ٢٠١٩/٧/٣ وە بەپێچەوانـەوە دادگایـی دەکرێـن بەشـێوەی پاشـملە/ غیابـی بەپێـی یاسـا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/٨٣/ك/٢٠١٨
رێکەوت:٢٠١٩/٣/١٢
جاردان
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو: کفاح کمیل ابو شقره
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بـە ژمـارە ٨٣/ك/٢٠١٨ لەرێکەوتـی ٢٠١٩/٣/١٢ لەسـەرت بەندکـردن بـۆ مـاوەی ١ یـەك سـاڵ بەشـێوەی پاشـملە غیابـی لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونت نادیـارە بۆیـە دادگا بریاریـدا لەرێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخـوی پەرەپێـدراو بـە ناوەکانـی (الزمـان الجدیـد) و (المـدى) بـە عەرەبـی و (هەولێـر) بـە کوردیـی بانگەشـتت بکـرێ بـۆ ئـەوەی لـە مـاوەی (٣٠) رۆژ لـە رۆژی دەرچـوونی ئـەو رۆژنامانـە بـە ئامادەبوونـت لـە دادگا بەرامبـەر داواکـە ڕابگەیەنـی و بەڵگـەی بەرگریـت پێشـکێش بکـەی ئەگـەر هیچـت نەکـرد دادگا بەپێـی بڕیـاری دەرچـوو بەرامبـەرت هەڵسـوکەوت دەکات.
دادوەر/ زیاد عبدالله
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٥٤/ ٢٠١٨/انابە
رێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٧
پێراگەیاندن گلدانەوەی بەردەوامی سامانە نەگوێزراوەکان
بۆ / قەرزار (یونس محمد فتاح)
لەبـەر نەزانیـن ونەدیـاری شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت بویـە لـە رێـی دوو رۆژنامـەی ناوەخـۆوە پێتـان رادەگەیەنیـن بریـاردرا مولکـی ژمـارە (١٩٦/٢٠) کەرتـی (٨٥/نزارکـی) نیشـانەی گلدانـەوە لـە سـەر دابنرێـت لـە باتـی بـری (١٥٠٠٠٠٠٠) پـازدە ملیـون دینـار قـەرزی (قـدر محمـد اسـماعیل) پێویسـتە ئـەو پارەیـە لـە مـاوەی (١٠) دەہ رۆژ لـە دوای رۆژی پێراگەیاندنتـان بـدەن دەنـا سـامانە گلدراوەکەتـان بەپـێ ی ئـەم بریـارە وپشـت بـە مـادەی (٨٧) لـە یاسـای جـێ بەجـێ کـردن دەفرۆشرێـت
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٤٦٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم رێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (راسـتۆ) بـۆ (وەبەرهێنانـی خانووبەرە/سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.
مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٤٦٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم رێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (راسـتۆ) بـۆ (بازرگانـی گشـتی/سـنووردار) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.
مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بەوەکالەت

ئاگاداری
ئـاگاداری گشـت لایـەك دەکەینـەوە کـە کۆمپانیـای (سـەروەر) بـۆ بازرگانـی گشـتی و خـۆراك/ سـنوردار) بریـاری پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای داوە، بۆیـە هـەر کەسـێك یـان هـەر لایەنێـك مافێکـی لەسـەر کۆمپانیـا هەیـە بـا لـە مـاوەی یاسـایی دا ئـاگاداری پاکتـاوکار بکاتـەوە لـە (پارێـزگای هەولێـر)
پاکتاوکار/ فوزی جلیل خلیل
ناونیشان/ هەولێر- زانکۆ
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٢٤٠٧٧

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (بکر عەوێنە) بۆ بازرگانی گشتی و چاکردنی ئامێری کشتوکاڵی/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ یوسف صابر فقی سمایل
ناونیشان/ هەولێر- نەورۆز
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٤٩٦٤٣٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٥٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم رێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (حسـن جلیـل عبداللـە) بـۆ (راگەیاندن/تـاك) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.
مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٢٥٦٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٧
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا تاك
پاڵپشـت بەناوەڕۆکـی بڕیـاری دەسـتەی گشـتی کۆمپانیـای (بکـر عەوێنـە) بـۆ بازرگانـی گشـتی و چاکردنـی ئامێـری کشـتوکاڵی/ تـاك) لـە رێکەوتـی (٢٠١٩/٣/١٤) تایبـەت بەدانانـی کۆمپانیـا لەژێرپاکتاوکـردن و دانانـی بەڕێـز (یوسـف صابـر فقـی سـمایل) بەپاکتـاوکاری کۆمپانیـای نابـراو, مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریـاری ناوبـراوی سـەرەوەم پەسـەندکرد بەمەرجێـك بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٥٠٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٤/٤
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا تاك
دوای تـەواو کردنـی سـەرجەم رێکارەکانـی پاکتاوکردنـی کۆمپانیـای (حسـن جلیـل عبداللـە) بـۆ (راگەیاندن/تـاك) وە پاڵپشـت بـە ئەحکامـی مـادەی ١٧٧ لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ هەموارکـراو.
مـن تۆمـارکاری کۆمپانیـاکان بریارمـدا بـە سرینـەوەی نـاوی کۆمپانیـای ناوبـراوی سـەرەوە لـە تۆمارەکانمـان بەمەرجـێ ئـەم بریـارە بڵاوبکرێتـەوە بەپێـی ئەحکامـی مـادەی (١٦٠) لەیاسـای تۆمارکردنـی کۆمپانیـاکان ژمـارە (٢١) سـاڵی ١٩٩٧ی هەموارکـراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

پێنـج سـال و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی ٤١٢ لـە یاسـای سـزایی، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٦٠/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئالا طلعت حسن
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بەژمـارە ٦٠/ك/٢٠١٩ لـە ٢٠١٩/٣/٢٦ لەسـەرتان بەزیندانـی کـردن (الحبـس) بۆمـاوەی (١/یـەك سـاڵ) بەپێـی مـادەی (١/٣٧٧) لەیاسـای سـزا بەشـێوەیەکی پاشـملە (غیابـی) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نیادیـارە بەپێـی (اشـعاری موختـاری گەرەکـی گـولان بریـاردرا بەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوەخۆیـی رۆژانـە پێتـان رابگەیەندرێـت مافـی تانـووت لێدانـت هەیـە لـە بڕیارەکـە بەرێـگای ناڕازیبـوون و پێداچوونـەوە لەمـاوەی یاسـاییدا (٣ مانـگ لـە رۆژی بڵاوبونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە) بـە پێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبـڕی وەردەگرێـت.
دادەوەر/ سرکوت طه رسول
***
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/٦١٢/ك/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠١٩/٣/٢٧
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ برهم محمد عبدالقادر
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئـەم دادگایـە بریـاری حوکمـی دەرکـردووە بەژمـارە ٦١٢/ك/٢٠١٨/٣ لـە ٢٠١٩/١/٧ لەسـەرت بـە پێڕاردنـت (غرامـە) کردنـت بەبـری (١٠٠٠٠٠) یـەك ملیـۆن دینـاری عیراقـی وە ئەگـەر نەشـی دەی حبـس بکرێـت بـۆ مـاوەی (٢) دوو مانـگ بەپێـی مـادەی (٢) لەیاسـای خـراپ بەکارهێنانـی ئامێرەکانـی پەیوەنـدی بەشـێوەیەکی پاشـملە (غیابـی) لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی نیادیـارە بەپێـی (اشـعاری موختـاری گەرەکـی گـولان بریـاردرا بەهـۆی دوو رۆژنامـەی ناوەخۆیـی رۆژانـە پێتـان رابگەیەندرێـت مافـی تانـووت لێدانـت هەیـە لـە بڕیارەکـە بەرێـگای ناڕازیبـوون و پێداچوونـەوە لەمـاوەی یاسـاییدا (٣ مانـگ لـە رۆژی بڵاوبونـەوەی ئـەم ئاگادارییـە) بـە پێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی بنبـڕی وەردەگرێـت.
دادەوەر/ سرکوت طه رسول
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٨٥/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: محبت حسن گونی موندول
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ١٨٥/ج/٢٠١٨/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/١/٨ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی پێنـج سـال و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی ٢٨٩ لـە یاسـای سـزایی، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٨٧/ج/٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: امید حمید امین
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ١٨٧/ج/٢٠١٨/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٨/١٢/١٧ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی پێنـج سـال و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢١٩/ج/٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: سەروەر اسکندر محمد مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ٢١٩/ج/٢٠١٨/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٥ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی پێنـج سـال و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی ٢١ لـە یاسـای چـەك، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢١٤/ج/٢٠١٥/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: چمال عارف مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ١٤٠/ج/٢٠١٥/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/١/٩ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بـە لەسـێدارەدان تاکـو مـردن بەپێـی مـادەی ٤٠٦ لـە یاسـای سـزایی، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٧٨/ج/٢٠١٨/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: مازن زیاد فرحه
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ٢٧٨/ج/٢٠١٨/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/٣/٣ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی پێنـج سـال و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی ٢٩٨ لـە یاسـای سـزایی، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـادەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەوەر/ زرار محمود مرادخان
***
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٩٥/ج/٢٠١٤/٣
رێکەوت: ٢٠١٩/٣/٣١
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: سۆران زرار عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ٢٩٥/ج/٢٠١٤/٣ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٨/١٢/٢٦ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بـە لەسـێدارەدان تاکـو مـردن بەپێـی مـادەی ٤٠٦ لـە یاسـای سـزایی، بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـەس ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی



جەزائیر. خۆپیشاندەران لە هەفتەی شەشەمیندا داوای لادانی تەواوی چینی دەسەڵاتداران دەکەن



ئا: خالید گەردی

هەر دوای چەند رۆژێک لە دوای راگەیاندنەکەی ئەحمەد قایدی سەرۆک ئەرکانی سوپا کە گوایە بوتەفلیقە لە رووی تەندروستییەوە پەکی کەوتوەو ناتوانێت ئەرکەکانی سەرۆکایەتی راپەڕێنێت، وادیارە راگەیاندنەکەی سەرۆک ئەرکانی سوپا نەک هەر شەقامی ئارام نەکردەوە بەڵکو لە شەشەمین هەفتەی خۆپیشاندانەکانی جەزائیردا نزیکەی ملیۆنێک هاوواڵاتی لە پایتەخت و چەند شارێکی دیکەدا بە گوڕوتینێکی زیاترەوە وێڕای وتنەوەی سروودی نیشتیمانی بە بەرزکردنەوەی دروشمی "هەر هەموتان بڕۆن" رژانە سەر شەقامەکان. خۆپیشاندەران هاواریان دەکرد "بوتەفلیقە دەڕوات با قایدو حزبی بەرەی رزگاری نیشتیمانی دەسەڵاتداریش لەگەڵ خۆی ببات". پەیامنێرەکانی ئاژانسەکان ئەم خۆپیشاندانەیان بە گەورەترین خۆپیشاندان لەوەتەی سەرهەڵدانیەوە ناو بردوە. تیایدا شەڕە بەرد لە نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیسەکان سەری هەڵدا، پۆلیسەکانیش گازی فرمێسک رژێن و گوللەی لاستیکی و ئاو پرژانیان لە دژی خۆپیشاندەران بەکار هێنا.

پەیتا پەیتا.. پشت لە بوتەفلیقە دەکەن

دوای داواکاری لادانی بوتەفلیقە لەلایەن ئەحمەد قاید سالحی سەرۆک ئەرکانی سوپا کە بەیەکی لە کەسە هەرە دڵسۆزو نزیکەکانی سەرۆک بوتەفلیقە دادەنرا، حزبی گردبوونەوەی نیشتیمانی دیموکراتی کە بەیەکێ لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی هاوپەیمانی سەرۆکایەتی دەسەڵاتدار دادەندرێت پشتی لە بوتەفلیقە کرد. لەمبارەیەوە ئەمیندارای گشتی حزبەکە داوای لە بوتەفلیقە کرد دست لەکاربکێشێتەوە.جگە لە مانەش هەر یەک لە عەبدولحەمید سیدی ئەمیندارای گشتی یەکێتی جەزائیرو عەلی حەدادی سەرۆکی کۆڕبەندی پیاوی سەرمایەدارەکانی جەزائیر، کە ئەوانیش بە کەسە نزیکەکانی سەرۆک بوتەفلیقە دادەندران پشتگیری خۆیان بۆ راگەیاندنەی سەرۆک ئەرکانی سوپا راگەیاندو داوای دست لەکارکێشانەوەی بوتەفلیقەیان کرد.

خۆپیشاندەران جێبەجێ کردنی ماددەی 102ەت دەکەنەوە

خۆپیشاندەران لە هەفتەی شەشەمدا دژی جێبەجێ ماددەی (102)ی دەستوور وەستانەوە، داواکەی سەرۆک ئەرکانی سوپایان بە کودەتایەک بەسەر داواکاری خۆپیشاندەران لێکدایەوە. پێیان وایە ئەمە فێلێکە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا پەنایان بۆ بردوە.زۆر لایەن لە نێو بزوتنەوە جەماوەرییەکە وەک پارێزەر مستەفا بوشاشی و رابیتەی جەزائیری بۆ داکۆکیی کردن لە ئازادی مرۆڤ و کەریم تابو وتەبێژی یەکێتی دیموکراتی کۆمەڵایەتی و زوبێدە عەسولی سەرۆکی حزبی یەکێتی لە پێناو گۆڕانکاری و خۆشگوزەرانی جگە لەوە دەستێوەردانی سوپایان لە دەستووی وڵات رەتکردەوە داوایان کرد لە بری پێشنیار کردنی کار کردن بە ماددەی (102)ی دەستور ، کار بە مادەی (7)ی دەستوور بکرێت کە تیایدا هاتوە "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە، سەروەری نیشتیمانی تەنیا مولکی گەلە".

مایەی باسە ماددەی (7)ی دەستووری جەزائیر رێگا بە دەست پێکردنی قۆناغی راگوزاری دەسەڵات و دروست کردنی دەستەی سەرۆکایەتی نوێ دەدات کە ئەرکی دەرکردنی یاسای هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکوومەتێکی نوێی نیشتیمانیە. کە ئەمەش رێک لەگەڵ ویست و داواکاری خۆپیشاندەران یەک دەگرێتەوە، کە داوا گۆڕانی تەواوی چینی دەسەڵات دەکەن.

سەرچاوە: ئاژانسەکانی هەوال

ئەردۆغان: پێویستە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا سنووری خۆیان بزانن



عەبدولقادر کەڵهۆر/ روسیا ئەلیەوم

سەرۆک کۆماری تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان لە لێدوانێکی هەرەشە ئامێزی دەگەمەندا، رەخنەی توندی لە هەڵوێستی هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا گرت لە هەمبەر هەڵبژاردنەکانی شارەوانی ئەو دواییانەی تورکیا و داوای لێکردن پێویستە سنوری خۆیان بزانن.

ئەردۆغان رۆژی هەینی لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەنووسان لە ئیستانبوڵ لە هەمبەر لێدوانی وڵاتانی رۆژئاوا بەرانبەر هەڵبژاردنەکانی شارەوانی تورکیا کە یەکشەمەی رابردوو ئەنجامدرا رایگەیاند ، پێویستە بڕۆکسێل و واشنتۆن دەست نەخنە نێو کاروباری ناوخۆیی تورکیا سنوری خۆیان بزانن.

وەک ئەوەی ئاژانسی ئەنادۆل بڵاویکردووەتەوە ، ئەردۆغان دوای کۆتایی هاتنی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی گوتبووی، ئێستا کەوتینە قۆناغی دادوەری بۆ ئەوەی تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بدەین .

ئەردۆغان ئاماژەیدا ، ئێستا حزبەکانی تورکیا رێکاری تانەدان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دەگرنە بەر ئەوەش مافێکی رەوای خۆیانە.. دووپاتیشی کردەوە ، هاوپەیمانیەتی گەل کە پێکهاتووە لە حزبی دادپەوەری و گەشە پێدان و حزبی بزووتنەوەی قەومی رێژەی % 53.3 دەنگەکانیان بەدەستهێناوە لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکان.سەرۆک کۆماری تورکیا رووندەکردەوە، هاوپەیمانیەتی گەل توانیویەتی لە 25قەزا لە کۆی 39لە ئیستانبول سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لە هەمبەر تانە لێدانەکانیشدا ، ئەردۆغان گوتی، ئەگەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان لە ئیستانبول وەلامی داواکارییەکانمان نەداتوە ، مافی خۆمانە پەنا ببەینە بەر لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان. ئاماژەشیدا کە زۆرینەی زۆری شارەوانیەکانی ئیستانبول بەدەست هاوپەیمانیەتی گەلەوە دەبێت.

ئەردۆغان داوای ژمارەنەوەی دەنگەکانی ئیستانبوڵ دەکات

جێی زانینە لەوکاتەی حزبی دادپەروەری بووژانەوە کە ئەردۆغان سەرۆکایەتی دەکات لە ژمارەیەک قەزای سەربە ئیستانبول نارەزایی دەربریوەو داوای سەرلەنوێ ژمارەنەوەی دەنگەکانی کردووە، کەچی ئەنجامە بەرایی نافەرمییەکانی هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی تورکیا دەریدەخەن ، کاندیدی پارتی گەلی کۆماری ئەکرەم ئیمام ئۆغلۆ لە مللانێکەدا لە پێش (بن عەلی یلدرم)دایە بۆ سەرۆکایەتیکردنی شارەوانیەکانی ئیستانبول.هەر لەو چوارچێوەیەو لە گەرمەی دەربڕینی نارەزایی دەربرینەکانی ئەردۆغان و حزبی دادپەروەری و بوژانەوە، هەریەک لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا داوایان کرد ، هەمووڵایەک ئەنجامی هەڵبژاردنە شەرعیەکان قبوڵ بکەن. ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا لەلایەک حزبەکەی نەیتوانیوە لە هەڵبژارنەکانی شارەوانی ئەودەنگە زۆرە بەدەست بێنێت کە چاوەڕوانی دەکرد ،لەلایەکیش هەریەک لە ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپا داوای لێدەکەن ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکات بۆیە زۆر بە دەمارگیری و توڕەیەوە هەڕەشەیەکی چاوەڕوان نەکراوی لە بەرۆکسێل و وانشتۆن کردوو، لەلێدوانێکدا گوتی پێویستە یەکێتی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سنوری خۆیان بزانن و دەست لە کاروباری نێوخۆیی تورکیا وەرنەدەن.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1914:
سەبارەت بە ڕێکخستنی مافی هەردوولا لە کەناڵی پەنەما ، ئەمەریکا و کۆلۆمبیا ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد.



ساڵی 1946:
کۆمەڵەی گەلان دوایین کۆبوونەوەی خۆی ساز کرد .



ساڵی 1993:
دوای راگەیاندنی سەربەخۆیی لە یوگسلافیا ، مەکدۆنیا بووە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتوەکان.



ساڵی 2010:
باراک ئۆباما و دیمتری مدڤیدڤ لە پراگ ڕێککەوتنێکی تازەیان سەبارەت بە کەمکردنەوەی چەکە ئەتۆمیەکانی هەردوولا مۆر کرد .



ساڵی 2015:
چەند هاکەرێکی سەر بە داعش توانیان پەخشی کەناڵی تی ڤی 5ی فەرەنسی بوەستێنن .



ساڵی 2016:
میسر و سعودیە بڕیاری بونیادنانی پردێکیان لەسەر دەریای سوور دا.

www.xebat.net
دوو شەممە 2019/4/8 ژمارە (5726)
خەبات

بۆچوونی ئابووری



EURO

20 ساڵ تەمەن

ئا: هەندرین شێرزاد

دراو یان پارە ، بریتیە لە یەکەی سەرەکی ئاڵوگۆڕی بازرگانی ، دراویش لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ و جیاوازیی هەیە . لە راستیدا ئاڵوگۆڕی کەلوپەل لە ڕێگەی دراو ئاسانکاریەکی زۆری خولقاندووە لە مامەڵە بازرگانیەکاندا . هەر وڵاتێکیش خاوەنی دراوی تایبەت بە خۆیەتی و بە بەشێک لە سامانی نیشتمانی حیسابی بۆ دەکات . ئەمسال 20ساڵی تەواو بەسەر تەمەنی دراوی یەکگرتووی یەکێتی ئەورووپادا گوزەر دەکات کە یۆرۆیە .

سەرەتا

دراوی یەکگرتوو لە بنەڕەتدا تەنیا بیرۆکەیەک بوو لە ساڵی 1970 لەلایەن پییێر فیرنەری سەرۆکی دەوڵەتی لۆکسمبۆرگەوە خرایە ڕوو ، بەڵام شکستی هێنا و یەکێتی دراوی ئەورووپی شۆینی گرتەوە و لە ساڵی 1972 کەوتە بواری جێبەجێکردن ، دواتر ساڵی 1979 بە مەبەستی پاراستنی بەهای دراوە خۆجێیەکانی وڵاتانی ئەورووپا سیستمی دراوی ئەورووپی هاتە پێشەوە و ئەو کاتە دراوی ئیکۆ خرایە بازاڕ کە بەکۆنترین چاپی یۆرۆ دادەنرێ .

قۆناغی دووەم

ساڵی 1988 لیژنەی ئابووری ئەورووپا یاسایەکی دەرکرد و تیایدا بڕیاری دا کە لە سێ قۆناغدا کار بۆ دەرکردنی دراوێکی یەکگرتوو بۆ ئەورووپا بکرێ . ئەوەبوو ساڵی 1999یۆرۆ بوو بە دراوی فەرمی وڵاتانی ئەم یەکێتیە . ساڵی 2000 یۆنان چوە ریزی دراوی یەکگرتوو ، دواتر لە ساڵی 2009 سلۆڤاکیا کردی بە دراوی فەرمی خۆی و ساڵی 2014 لاتڤیاش هەمان هەنگاوی نا . لە سەرەتادا یۆرۆ دراوێکی شاردراوە و نادیار بوو و تەنیا بۆ مەبەستی ژمێریاری بەکار دەهێنرا ، ئینجا لە ساڵی 2002 دەست بە بەکارهێنانی یۆرۆ کرا وورودە وردە دراوە نیشتمانیەکانی وڵاتانی ئەندام کێشرانەوە .

زانیاری زیاتر یۆرۆی کاغەز

دراوی یۆرۆی کاغەز حەوت چاپی هەیە بریتین لە : 5، 10، 20، 50، 100 ، 200، 500 یۆرۆ.

سەرجەم ئەم چاپانە لەرووی ڕەنگ و قەبارەوە جیاوازن .

ئەم دراوە بە شێوازێکی وا چاپ کراوە کە دەبێتە یاریدەدەرێک بۆ نابینایان بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەیەک جیا بکرێنەوە .

لەسەر هەردووک ڕووی یۆرۆ وێنەی وا دانراون کە وەک ئاماژەیەک وان بۆ کرانەوە و ئازادیی و هاوکاریی لە نێوان دانیشتوانی وڵاتانی ئەندام .

یۆرۆی ئاسن

یۆرۆی ئاسن بریتیە لە 2،1 ، 5 ، 10 ، 20، 50 سەنت .

هەر یەکەیەک بە گوێرەی بەهاکەی لە ڕووی ڕەنگ و قەبارەوە جیاوازە ، 1و 2و 5سەنت ڕەنگی ئەلەمنیۆمیان هەیە و 10و 20و 50سەنتیش ڕەنگیان زەردە و 1و 2یۆرۆش ڕەنگیان زیوی و زەردە.

سوودەکانی بەکارهێنانی یۆرۆ

یەکخستنی دراوی سەرجەم وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا قازانجی زۆری لێ کەوتەوە لەوانە:

خولقاندنی کەشوهەوایەکی ئابووری سەقامگیرتر لەنێو وڵاتانی ئەندام .

گواستنەوەی بازاڕە دارایەکان بەڕەو قۆناغی پێگەیشتن .

بوونی ئەورووپای لە نێو ئابووری جیهان پتەوتر کرد .

سووککردنی ئاسەوارەکانی بەرزی و نزمی لە بازاڕەکانی خەرجکردنی نێوان وڵاتانی ئەورووپا.

تەنگژەکانی سەردەمی یۆرۆ

بەهۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی ،پێنج وڵاتی ناوچەی یۆرۆ (ئێرلەندا ، ئسپانیا ، پورتوگال ، قوبرس ، یۆنان) ناچار بوون داوای یارمەتی بکەن ، لە بەرامبەردا یەکێتی ئەورووپا هەوڵی دا ڕێگەچارەی گونجاو بۆ تەنگژەکە بدۆزێتەوە و لەو پێناوەدا ژمارەیەک ڕێوشوێنی گرتەبەر ، لەوانە بە هاوکاری لەگەڵ سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بڕیاری جێبەجێکردنی چەند پرۆگرامێکی ڕزگارکردن درا کە بڕیتی بوو لە چەندین ملیار یۆرۆ . ئەوەبوو لە ئایاری 2010یۆنان 110 ملیار یۆرۆی وەرگرت ، دواتر لە مانگی تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا ئێرلەندا 85 ملیار یۆرۆی وەرگرت ، ئینجا لە ئایاری 2011 پورتوگال بڕی 78ملیار یۆرۆی دیکەی وەرگرت .

بەڵام هەموو ئەم هەنگاو و ڕێوشوێنانە نەبوونە مایەی گێڕانەوەی متمانە بۆ بازاڕەکان ، چونکە بڕی قەرزەکانی ئسپانیا و ئیتالیا و قوبرس هێشتا مایەی نیگەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو . هەر لەو کاتەدا کۆمەڵێک ناکۆکی لە نێوان وڵاتانی هەژار و دەوڵەمەند سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ گرفتە سەرەکیەکە سەریان هەڵدا و لە ئەنجامدا وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا ناچار بوو پشت بە سیاسەتی تەقەشوف ببەستێ . دواتر گفتوگۆی نێوان ئەندامان درێژەی کێشا و بڕیار لەسەر پیادەکردنی هەندێک ڕێوشوێنی وەک داخستنی بانکە زەرەرمەندەکانی نێو وڵاتانی نێو گرووپی یۆرۆ درا

ئەمڕۆی بەریتانیا

ئێستا بەریتانیا بەدەستی لێکەوتەکانی کشانەوە لە یەکێتی ئەورووپا دەنالێنێ ، بەتایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە بواری بازرگانی و ئابووریەوە هەیە . چونکە بڕێکزت کۆتایی بە هەموو ئەو ڕێککەوتن و پەیماننامانە دێنێ کە یەکێتی ئەورووپا واژۆی کردوون .

لە بەرامبەردا ژمارەیەک وڵاتی وەک ڕووسیا و ئەمریکا و نیوزلەندا و ژاپۆن و مۆلداڤیا ئارەزایی خۆیان بەرامبەر بە ئەندامێتی بەریتانیا لە ڕێکخراوی بازرگانی جیهان پیشان دا ، بۆیە بەریتانیا دەبێ گفتوگۆ لەگەڵ هەر یەکێک لەم وڵاتانە ئەنجام بدات .

مانشێت



سکای نیوز:
جاستن ترودۆی سەرۆکوەزیرانی کەنەدا ڕووسیای ئاگادار کردەوە لەوەی دەست لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەی وەرنەدات



ڕۆژنامەی حەیات:
دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا سەردانی سنوورەکانی نێوان وڵاتەکەی و مەکسیکی کرد و ڕایگەیاند کە لە ئەمەریکا شوێنی پەنابەرانی نەهێنی نابێتەوە .



ئەلشەرقولئەوسەت:
هێزەکانی تالیبان ویلایەتی بادغیسیان لە باکوری ڕۆژئاوای ئەفغانستان کۆنترۆل کرد .



ئەی نێف پی:
بنیامین ناتانیاهۆی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند ئەگەر لە هەڵبژاردنی داهاتوو سەربکەوێ ، نشینگەکانی کەناری ڕۆژئاوا دەگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیسرائیل .



ئەلعەرەبیە:
نیکۆلاس مادۆرۆی سەرۆکی ڤەنزویلا داوای لە مەکسیک و ئۆرگوای کرد هاوکار بن لە چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتەکەی .



کەنالی ئارتی :
وەک قەرەبوویەک بەرامبەر بە جەنگی دووەمی جیهان، پۆڵەندا داوای 900 ملیار دۆلار لە ئەڵمانیا دەکات .

کاریکاتێر



نهێنییەکی دیکەی نێو قوڵایی گەردوون ئاشکرا کرا



دوای چاوەڕوانییەکی دوورودرێژ، تیمێک لە پسپۆڕانی فەلەکناسی توانیان پەردە لابەن لەسەر نهێنی ئەو تروسکایییە رووناکییە - ئاگرینییانەی کەماوەیەکی دووردێژبوو سەری لە زانایان سوڕماندبوو، ئەویش بە یارمەتی (تلسکۆپی ئاسمانیی کێپلەر) ی تایبەت بە ئاژانسی بۆشاییگەریی ئەمریکی (ناسا).

لەسالّی 2012 تیمێک توانی لەو داتایانە بکۆڵێتەوە کە لەلایەن تلسکۆپی (کێپلەر) دەوە ڕەوانە کرابوو و تایبەت بوو بە دەرکەوتنی تریسکاییە رووناکییەکی بەهێزو خێرا لە گەلەستێرەیەک کە بە مەودای 1.3 ملیار سالّی رووناکی لێمانەوە دوورە، ئەوکاتە پسپۆڕان نەیانتوانی بگەنە هیچ شیکردنەوەیەک بۆ ئەو دیاردەیە، ئاخۆ بریتی بوو لە تەقینەوەیەکی ئەستێرەیی مەزن لە جۆری (سوپەرنۆڤا) یاخود هەڵەیەکی تەکنیکی کۆمپیوتەرەکانیان بووە؟

ئەو جۆرە رووناکییە بە (فلاشی گەشبووەوەی خێرا پەرەسەندوو - FELTs) ناونرا و درەکەوت کەوا لەماوەی کەمتر لە مانگێکدا بەرزو نزم دەبێتەوە، کە ئەمەش ببووە هۆکاری ئەوەی لە زۆربەی زۆری ڕوانگەو تلسکۆپە ئاسمانییەکاندا نەکەوێتە بەرچاو.

"تلسکۆپی کێپلەر ئێستا توانی درەگا والآبکات لەسەر بینینێکی زۆر جیاوازو وردو پێشکەوتوو بۆ ڕوانگەکردنی ئەو جۆرە دیاردانە، ئەگەرچی لە بنەڕەتەوە (کێپلەر) بۆ دۆزینەوەی هەسارە هەرە دوورەکانی دەرەوەی سیستەمی خۆر دیزاین کراوە"، لە زاری (جێیسی دۆستۆن) پسپۆڕی پڕۆژەی تلسکۆپی کێپلەر.

داتا وەرگیراوەکان لە تلسکۆپی کێپلەر دەریخست کەوا ئەو دەرچە رووناکییە لە پڕو زۆر بەهێزەی کە لەو گەلەستێرەیەدا دەرچووبوو، سەرچاوەکەی لە ئەستێرەکە بووە کە لە قەراغی مەرگیدابووەو پێدەچێت سالێک پێش مردنی کۆتایی، جۆرە (بلق) یکی گازیی و تۆزو خۆڵیی وەک دوا چالاکییەکی پێش تەقینەوە کۆتاییکەیدا فڕێ داوەتە بۆشایی ئاسمانی دەوروبەری خۆی و لەسەر شێوەی دەرچەیەکی رووناکیی ماوە کورت، بەڵام یەگجار زۆر بەهێزی لێ کەوتۆتەوە، بە جۆرێک کە ئەو دەرچانە لە دواییدا بەدوای یەکدا هاتن و توانای رووناکییەکەی 10 جار ئەوەندەی توانستی رووناکی خودی تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەیی (سوپەرنۆڤا) ببوون، ئەمەش بووە جۆرە شکڵ و شێوەو مۆدێلێکی نوێ و نەناسراوی تەقینەوەی ئەستێرەیی.

پسپۆڕانی فەلەکناسی بەو هیوایەن کەوا لە ڕێگەی تلسکۆپی داهاتووی (K2) و پڕۆگرامی (TESS) بتوانن نمونەی دیکەی هاوشێوەی ئەو ڕووداو و دیاردە فەلەکییە ناوازەیە بدۆزنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی کرداری و تائێستا لە ڕێگەی (تلسکۆپی ئاسمانیی کێپلەر) دەوە توانراوە 20حاڵەتی دیکەی جیای تەقینەوەی مەزنی ئەستێرەیی بدۆزرێنەوە.

دۆزینەوەیەکی سەیرو تۆماڕێکی سەیرتر دەربارەی مانگەوە



بێگومان لە هەسارەیەکی وەکو زەوی، ئەگەرچی وەک کارەساتێکی سروشتی سەیری دیاردەی بوومەلەرزە دەکرێت، بەڵام لە ڕووی زانستییەوە، ڕوودانی بە حاڵەتێکی سروشتی دادەنرێت و ماوەیەکی زۆریشە هۆکارەکانی زانراوەو هەوڵی زۆریش دراوە تاوەکو بە پێی توانا، پێشوەختەی لێی ئاگادار بن لە پێناو نەهێشتنیان لایەنی کەم سنوودارکردنی زەرەرو زیانە گیانی و مادییەکانی.

بەڵام گەیشتن بەو دۆزینەوەیەی کەوا لەسەر ڕووی مانگیشدا بوومەلەرزە ڕوویداوەو تۆماریش کرواە، ئەوەیان دەستکەوتێکی نوێیە!

(کلایف ئارڵ. نییڵ) ی پسپۆڕی ئەندازیاری مەدەنی و زانستە جیۆلۆجییەکان لە زانکۆی (نۆتردام) لەگەڵ 15 پسپۆڕی زانستی هەسارەیی توانیان بگەنە دەرئەنجامێکی زۆر گرنگ دەربارەی ڕوودانی بوومەلەرزەو تۆمارکردنی لەنێو داتایەکانی تایبەت بە گەشتەکانی (ئەپۆلّۆ) ی نێوان ساڵانی 1969و 1972دا.

لە تشرینی یەکەمی سالّی 2005، (کلایف) ڕایگەیاند کەوا دوای شیکردنەوەی داتای تۆمارکراوی تایبەت بە ئامێرەکانی هەستکردن و پێوانەکردنی بوومەلەرزەیی، ئەوانەی لە ڕێگەی کەشتیوانانی گەشتەکانی (ئەپۆلّۆ) لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای ڕووی مانگدا دانرابوون، دەرێخست کەوا لە ڕووی بوومەلەرزەییەوە، مانگیش چالاکی بەرچاوو بگرە بێ وێنەی خۆی هەیە!

لە داتای ساڵانی نێوان 1972و 1977دا، (ئامێرەکانی تۆمارکردنی بوومەلەرزەیی - NASA Apollo Seismometers) دکانی ڕووی مانگ زنجیرەیەک بوومەلەرزەیان تۆمارکردبوو، کە 28یان بەهێز بوونەو گەیشتوونەتە ئاستی 5.5 بە پێوانەی ڕێختەر، کە بوومەلەرزەیەکی ئەوتۆ لەسەر زەوی بەسیتەی بۆ جوڵاندنی کەل و پەلە قورسەکانی ناومالّ!

بەڵام تۆمارو حاڵەتە سەیرو چاوەڕوان نەکراوەکە ئەوەبوو کەوا چەند تۆمارێکی نامۆی بوومەلەرزەیی دیکەش تۆمارکراون، ئەوانەی لە قوڵاییە کەمەکانی ژێرەوەی ڕووی مانگدا ڕوویانداوە بەشێوەیەک کە ماوەی هەندێکیان دەگەیشتە نزیکەی دە خولەک!

ئەمەش بۆیە دەرکەوت کە هۆکارەکەی بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئەو بوومەلەرزانە بە هێزی کەشتی ئاوا تۆمار دەکرێت و بێگومان لەسەر زەوی حاڵەتی ئاوا تا ئێستا هەرگیز تۆمار نەکراوە! هەر بۆیە لەم بارەیەوە، (نییڵ) گوتی: " بۆمان دەرکەوت مانگ وەکو زەنگ دەزرنگێتەوەو دەڵەرزێتەوە!"، هەروەها گوتی:" زۆربەی هەرە زۆری ماوەی بوومەلەرزەکانی ڕووی زەوی لە نیو خولەکدا زیاتر نابێت و هۆکاری نەمانیشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی فیزیایی و کیمیایی ناخ و ڕووی هەسارەکەمان، بۆ نموونە، بارستە جیاجیاکانی مادە لە ناخی زەمین وەک ئیسفەنج وانەو تابۆیان بکرێت شەپۆلە بوومەلەرزەییەکان هەڵدەمژن، بۆیە درێژخایەنترینیان لەسەر ڕووی زەوی لە 2 خولەک زیاتر نەبووە، بەڵام ناخی مانگ وانییەو وەکو (تەنێکی ڕەق و تەقە) و تەنانەت وەکو چەنگالی نێو تاقیگەکانی فیزیاییە کە بۆماوەیەکی زۆر دەڵەرێتەوە ئەگەر هاتوو هێزێکی دەرەکی کاری تێکردو جووڵاندییەوە".

تا ئێستا، پسپۆڕان نازانن ئاخۆ بە شێوەیەکی ورد، خاڵی دەستپێکی ئەو بوومەلەرزانەی ڕووی مانگ لە کوێ ڕوویانداوە، بە تایبەتی ئەوانەی لە قوڵاییە کەمەکاندا تۆمارکراون، ئەمە جگە لە نەبوونی هیچ داتایەک بۆ ناوچەکانی جەمسەریی باکوور وباشووری مانگ.

لە پێناو دەستکەوتنی زانیاری وردترو زیاتر، (نییڵ) و تیمەکەی پێشنیاریان کردووە کەوا تۆڕێک لە ئامێرەکانی تۆمارکردنی بوومەلەرزە کە بەلایەنی کەم لە 10 تا 12 وێستگە پێکهاتبن، بۆماوەی پێنج ساڵی بەردەوام لە چەند ناوچەیەکی دەستنیشانکراوی مانگدا دووبارە و بە تکنیک و تیکنۆلۆژیای نوێ دابەزرێن، ئەوەش لە پێناو دەستکەوتنی زانیاری زۆر گرنگ و وردی ئەوتۆ کەلەسەر بنچینیانەوە بڕیاربدرێت لە کامە ئارامترین ناوچەکانی ڕووی مانگ، ئەوانەی دوورن لە چالاکییە بوومەلەرزەییەکانەوە، تاقیگەو وێستگەو شارۆچکەکانی داهاتووی ڕووی مانگدا دروست بکرێن، ئەگەر نا، ئەمجۆرە بوومەلەرزانە دەبنە هۆی نانەوەی کارەساتی چاوەڕوان نەکراو.

وەرگێڕانی: ئەڤی چەتۆ
سەرچاوە: سایتی NASA

خواردنەوەکانی (وزەبەخش) پڕن لە زیان

پزیشکان و پسپۆڕانی بواری تەندروستی مرۆڤ جەختیان لەسەر زەرەرو زیانی خواردنەوە بەناو وزە بەخشان دەکەنەوە، ئەمجارەیان خاتوو (دکتۆر. لەیلا خووری) لە (بەیروت) ئاگاداری ئەو کەسانە دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی زۆر دووبارەیی ئەمجۆرە خواردنەوانە بەکار دەهێنن کە گوایە وزە و توانایان پێدەبەخشێت، چونکە ڕێژەیەکی زۆری مادەی (کافیین) یان تیادایەو ئەم مادەیەش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کاری دڵ و جگەر جگە لەوەی ئەم جۆرە خواردنەوانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی سەرئێشە، بۆیە چاکتر وایە خواردنەوەو خۆشاوی سروشتی بخورێتەوە بۆ بەخشینی وزە بۆ لەش کە ئەمەش هەڵبەتە لە میوەکاندا هەیە. لەلایەکی دیکەوە (دکتۆر.ئەنیس بویس) ی پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان جەختی لەسەر ئەوە کردووە کەوا ئافرەتی دووگیان نابێ بە هیچ شێوەیەک خواردنەوەکانی وزەبەخش بخواتەوە، ئەگینا کارانەوەی کارەسات ئاسای دەبێت لەسەر خودی خۆی و تەندروستی کۆرپەکەی.

هەسارەی زوهرە

دەبێتە هەوڵی گرنگی پێدانی وڵاتانی بۆشاییگەری



دوابەدوای هەفتەیەک لە بڕیاردان لەسەر پڕۆژە هاوبەشەکەی نیوان ڕوسیا و ئەمریکا بە هەڵدانی کەشتی بۆشایی Venera D بۆ هەسارەی زوهرە ، لە ئێستاکەدا هەریەکە لە ولاتانی ژاپۆن و ئیتالیا و ئەڵمانیا ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ بەشداربوون لەم پڕۆژەیە کە گوژمەی تیچووی نزیکەی 1 ملیار دۆلارە.

لە ئێستادا تاکە کەشتی بۆشایی Akatsuki ژاپۆنی لە دەوری خولگەی هەسارەی زوهرە بوونی هەیە و وا بڕیارە لە نیوان سالانی -2020 2021 کەشتی بۆشایی Be-piColoboی ژاپۆنی- ئەوروپی هەڵبدرێت و پاشان وولاتی هیند لەبلانی داهەیە لە سالی 2023 کەشتیەکی بۆشایی بۆ هەسارەی زوهرە هەڵبدات .

ژاپۆن دەیەوێت لەسەر مانگدا بنیشێتەوە

ئاژانسی بۆشاییگەری ژاپۆنی JAXA ڕایگەیاند کە لەگەل کۆمپانیای تۆیۆتا ڕێکەوتوون لەسەر دیزاینی گالیسکەیەکی گەڕۆک بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەڵبدرێت بۆ سەر ڕووی مانگ ، ئەمەش لەمیانی (کۆربەندی تۆکیۆ ی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی بۆشاییگەری) هات کە لە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو لە ژاپۆن سازدرا کە کۆمپانیاکە دیزاینی گالیسکەیەکی شەش پایەی فیدیۆیی نمایش کرد . گالیسکە گەڕۆکەکە بە ووزەی خۆر کاردەکات و کە دریژیەکەی 6 مەترە و پانییەکەی 5.2 مەترە و بەرزیەکەشی 3.8مەترە .

لەلایەن خۆشییەوە ووتەبێژی کۆمپانیاکە ڕایگەیاند کە پاتریەکانی سەر گالیسکەکە توانای هەیە بۆ ماوەیەکی دریژ کاربکات بۆ بڕینی نزیکەی هەزار کم لەسەر ڕووی مانگدا .

مێسی و سواریێز هیواکانی ئەتلەتیکۆ لە گۆڕێ دەنێن و لە لالیگا نزیک دەبنەوە



هاوار موڕتکەیی

مێسی و سواریێز لووتکەی یارییەکانی جەوڵەی 31ی لالیگایان بۆ بەرژەوەندی بەرشلۆنە یەکلایی کردەوە کە لە دوا 5خولەکی یارییەکەیان بەرامبەر ئەتلەتیکۆ مەدرید بەدوو گۆڵی بێ بەرامبەر بردیانەوە.

لەگێمی دووەم بەرشلۆنە توانی سوود لە دەرکردنی دیگۆ کۆستا توانی فشارێکی بەردەوام بخاتە سەر تیپی بەرامبەر و لەولاشەوە هێرشەکانی ئەتلتیکۆی پووچەل دەکردەوە، سواریێز لە خولەکی 85دا خەونی ئەتلەتیکۆ مەدریدی لە گۆڕ نا، کاتێک گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد و هێندەی نەبرد و دوای تەنها یەک خولەک لەگۆڵەکەی سواریز، مێسیش توانی گۆڵی دووەم تۆماربکات و لالیگا تارادەیەک یەکلا بکەنەوە، کە بەجیاوازی 11 خال لەریزی پێشەوە دێت و تەنها 7 جەولە ماوە بۆ کۆتایی هاتنی وەرزی ئەمسالّی لالیگا و زۆر ئەستەمە بتوانن شان لەشانی بەرشلۆنە بدەن.

بەرشلۆنە لەسەربەتی 4یاری لەو 7 یارییەی ماوە بباتەوە بۆ ئەوەی بەفەرمی ببنە پاڵەوان، کە زۆر زەحمەتە بتوانێت بەرشلۆنە لەم کاتەدا بوەستێنێت، بەتایبەتیش لە بوونی دوو ئەستێرەی وەک مێسی و سواریێز کە بەمدواییە چەندین یاریی گرنگیان بۆ بەرژەوەندی یانەکەیان یەکلایی کردۆتەوە.

جێی باسە بەر لەدەستپێکی ئەو یارییەش، مێسی ئەفسانەی ئەرژەنتینی خەڵاتی یاریزانی ئەم مانگەی لەلایەن کلۆپێرتی ئەستێرەی پێشووی بەرشلۆنەوە پێشکەش کرا، کە مێسی بەتۆمارکردنی ئەو گۆڵەش ژمارەی گۆڵەکانی خۆی گەیاندە 33 گۆڵ.

هەولێر لەدوا ساتەکاندا بەرامبەر تەڵەبە تووشی شکستێکی گەورە بوو



پێرێ لەگەڕی بیست ویەکەمینی خولی نایابی عێراقی لەیاریگای نێودەوڵەتی شەعب لەبەغدا، یانەی هەولێر بووە میوانی یانەی تەڵەبە، لەگەڵ دەستپێکی گێمی یەکەمی یارییەکە یانەی تەڵەبە بەهەمووشێوەیەک کۆنترۆلی یاریییەکان کردبوو، لەبەرامبەردا یانەی هەولێریش تەنها پشتی بە هێرشی پێچەوانە دەبەست، بەڵام تا کۆتایی گێمی یەکەم ئەنجامی یارییەکە بەبێ گۆڵ تۆمار کردن تەواو بوو.

لەگێمی دووەمدا دووبارە یانەی تەڵەبە بەهۆی لاواز دەرکەوتنی یاریزانانی یانەی هەولێر لەنێو یاریگا، کۆنترۆڵی یاریییەکەیان کردبوو، تا خولەکەکانی کۆتایی یاریییەکە، یانەی تەڵەبە فشارێکی زۆری خستبووە سەر هێڵی بەرگری یاریزانانی یانەی هەولێر، ئەوەبوو لەخولەکی 78دا یاریزانی تەڵەبە مەروان حوسێن گۆڵی یەکەمی لەیانەی هەولێر تۆمار کرد، دوای ئەم گۆڵە زۆری نەخایاند دووبارە لەخولەکی 79دا یاریزانی یانەی تەڵەبە عەبدولقادر تاریق گۆڵی دووەم ومتمانەی بۆ تیپەکەی خۆی تۆمار کرد، پاشان لەخولەکی 87دا یاریزان قاسم عەلی توانی گۆڵی سێیەم تۆمار بکات و هەر بەیەکجارەیەکی هەولێری بێ ئومێد کرد، هەوروەها لەکاتی زیادکراوی یاریییەکەدا واتە لەخولەکی 3+90 نەبیل سەباح بەگۆڵی چواردم تۆری هەولێری هەژاند وخۆشیی خستە نێو هاندەرانی یانەکە، بەمجۆرە یانەی تەڵەبە بەچوار گۆڵی خاوێن لەهەولێری بردەوە، بەم بردنەوەیە یانەی تەڵەبە لەکۆی 21 یاری 28خاڵی کۆکردۆتەوە، لەبەرامبەردا یانەی هەولێر بەم دۆراندنە بە 26خاڵ لەپلەی دەیەمینی ریزبەندی خولەکە دێت.

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

نایمار

ئێستاش دڵی بۆ بەرشلۆنە لێدەدات



ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی لە زاری نایمارەوە گواستویەتییەوە کە ئەو یاریزانە ئێستاش هاوسۆزییەکی زۆری بۆ یانەی بەرشلۆنە هەیە، بەتایبەتیش دوای ئەو لێدوانەی کە رایگەیاندبوو بیری ئەو ڕۆژانە دەکات کە لە قەڵای کامپ نو بوو.

نایمار داسیلڤای یاریزانی پاریس سان جێرمان دەڵێت: ڕۆژانی خۆشم لە بەرشلۆنە بەسەر برد، پەیوەندیم لەگەڵ تەواوی یاریزانانی ئەو یانە لەوپەڕی باشییە.

سان جێرمان دەیەوێت دەستبەرداری کاڤانی بێت

ڕاپۆرتە هەواڵەکان لە فەرەنسا بڵاویان کردۆتەوە کە یانەی پاریس سان جێرمان دەیەوێت دەستبەرداری ئیدینسۆن کاڤانی یاریزانی ئۆرگوایی بێت.

ڕۆژنامەی لۆپاریزیان بڵاویکردەوە یانەی پاریس سان جێرمان بڕیاریداوە لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی ئێستای خولی فەرەنسا، دەستبەرداری کاڤانی بێت، بۆ ئەمەش نرخی ئەو یاریزانەی بە 50ملیۆن یورۆ دیاریکردووە هەریانەیەک داوای بکات، ئەم پارەیەش بۆ ئەوە دەبێت کە ئەو یانە فەرەنسیە لە گرێبەستەکانی هاوینە سوودی لێ ببینێت.

فیستیڤاڵی گۆڕەپان و مەیدانی پەروەردەی دەشتی هەولێر سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو







لە ژێر دروشمی بەرەو کوردستانێکی بەهێز و بەئامادەبوونی پشتیوان سادق وەزیری پەروەردە، بەشی چالاکی وەرزشی دیدەوانی پەروەردەی دەشتی هەولێر، دەیەمین فیستیڤاڵی وەرزشی گۆڕەپان و مەیدانی سەرکەوتووانە بەڕێوەبرد، کە ئەنجامی کۆتایی بەمشێوەیەی خوارەوەبوو:

* قوتابخانەکانی بنەڕەتی کوڕان:

ژەنیار پلەی یەکەم
دیاری پلەی دووەم
شەهید خەسەن نەجار پلەی سێیەم

* قوتابخانەکانی بنەڕەتی کچان:

خەندە پلەی یەکەم
ئەڤین پلەی دووەم
ڕەوەز پلەی سێیەم

* ئامادەییەکانی کچان:

مەحمود زامدار پلەی یەکەم
ڕێناس پلەی دووەم
لاڤان پلەی سێیەم

* ناوەندەکانی کوڕان:

دارەتوو پلەی یەکەم
دەشتی هەولێر پلەی دووەم
قوشتەپە پلەی سێیەم

ئا. فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon, 8. Apr. 2019 No: (5726)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



لە نێو هۆڵی ڕێوڕەسمی 60 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی «خەبات»



سەرنووسەری «خەبات» لە پێشوازی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی



سەرنووسەر لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن



سەرنووسەر خەبات لەکاتی خوێندنەوەی وتارەکەی



سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نووسینی ڕۆژنامە خەبات لەگەڵ میوانانی ڕێوڕەسمەکەی «خەبات»

چەند وێنەیەکی دیکەی بەڕێوەچوونی مەراسیمی 60 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی ڕۆژنامەی خەبات

هەرگیز ئەم پرسیارانە مەکە




ئا/ڕەسوول سالح خۆشناو:

لەشوێنی گشتی یاخود لە کۆڕ و کۆبوونەوە و میوانداریی و لە هەرشوێنێک بیت ئەم پرسیارانە لە بەرامبەرەکەت مەکە: تەمەن و کێش لە تایبەتمەندییە کەسییەکانە، بە هیچ شێوەیەک پرسیاری ئەو شتوەیە لە کەس مەکە. لە کەسێکی بێ دایک و باوک مەپرسە دایک و باوکی چۆن کۆچی دواییان کردووە. لە دایک و باوکیش مەپرسە منداڵەکەیان چۆن کۆچی دوایی کردووە. لە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا لە کەسێکی بێکار مەپرسە: تا ئێستا بێکاریت؟ بە هیچ شێوەیەک پرسیار لە بارەی مووچەی کەسانی دیکەوە مەکە. هەژارێک، کە ناسیاویت لەگەڵیدا هەیە، لێی مەپرسە: پارەت بدەمێ؟ ئەگەر دەتەوێت ئەو کارە بکەیت بە بێ دەنگی و بە نهێنی یارمەتی بدە. لە دوکاندار مەپرسە، لەم ماوەیەدا بایی چەندت فرۆشتووە؟

بەهۆی «Dark Reader» گوگڵ هەوڵی چارەسەری ماندووبوونی چاو دەدات

هەردەوان: کاتێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر کۆمپیوتەر دەمێنیتەوە و کاردەکەیت هەست بەئازار و خورانی چاوەکانت دەکەیت بەهۆی ڕوناکی دەرەوشاوەوە کەشاشەکە بەدرێژایی کات دەریدەدات. لەوبارەیەوە وێبسایتی Webmdی تایبەتمەند بەبابەتە پزیشکییەکان رایگەیاند کەئازاری چاوەکان بەهۆی کۆمپیوتەرەوە چەندین هۆکاری هەیە کەیەکێکیان ڕوناکی زۆرە و چارەسەریش لەوێی کەمکردنەوەی ڕوناکییەکەوەیە. بۆ ئەو مەبەستەش گوگڵ چارەسەرێکی ئاشکرا کردوە کەبریتییە لە "پلەگینێک" کەبۆ گوگڵ کرۆم زیاد دەکرێت کە، بە "Dark Reader"ناسراوە و کاریشی گۆڕینی باکگراوندە ڕوناک و کاڵەکانە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەکاتی زۆر دانیشتن لەبەردەمیدا. ئەمەش زۆر ئاسانە و دەکرێ کلیکی Addبکەیت و لەوێی Google Chromeوە بەئاسانی کۆنترۆڵی ڕەنگ و ڕوناکی بکەیت.

لە ئەڵمانیا کچێکی کورد بەشداری ئۆپێرایکامپ دەکات



شنە کۆیی

لەشاری دۆسلدۆرفی وڵاتی ئەڵمانیا .. کچێکی کورد بە شداری ئۆپێرای کامپ واتا جەنگ دەکات. چیرۆکی ئۆپێرایەکە باس لەجەنگ دەکات کە هەرکەسێک لە ژیاندا لەجەنگدایە بۆ بە دیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی هی وا هەیە بە ئینسانی جەنگ دەکات و هەندێکی دیکەش بەدرندایەتی. دوای تەنها یەک هەفتە پرۆڤەی بەردەوام هوما هەولێری زۆر سەرکەوتووانە بە سەمایێکی سەرنجڕاکێش لەگەڵ 29 هاوسەماکار بە شداری کرد و بووە جێگەی سەرسوڕمانی ئامادەبووان و دەرهێنەر و سەمازانی بە ناوبانگی بە ریتانی ئالان بروکس. لە دیدارێکدا ئالان برۆک زۆر بە گرنگیەوە باسی هومای کرد و گوتی: کە هوما تاکە سە ماکار بوو لە نێو هەموواندا، هەرچی لە هزری منداە هە بوو یەکسەر جێبەجێی دەکرد و دەیکردە واقع . هەروەها گوتی: من سەرسامم کە بچوکترین سەماکار ئەوەندە خەیاڵی فراوانە و دیقەتی زۆری هەیە لەدەربڕین و ئەداکردنێکی جەستەییانەی زۆر شایستە.لە لایەکی دیکەدا هوما هەولێری باسی ڕۆڵی خی کرد و گوتی: بە ڕاستی زۆر خۆشحاڵبووم، ئاسانیش نە بوو چونکەمن یەکەم جارمە بچمە سەر تەختی شانۆ و بەرامبەر خەڵک بوەستمەوە و ڕۆڵ ببینم،بەڵام هەرلە ڕۆژی یەکەمی ڕاهێناندا هەستم کرد کەسەرکەوتوو دەبم ، چونکە بەڕێز برۆکس زۆر لێم ڕازی بوو و هەمیشەبەسەماکارە کانی دیکەی دەگوت سەیری هوما بکەن و لێی فێربن ئەوەی من دەمەوێت تێیدەگا و دەیکات .. هەروەها گوتیشی : زۆر سوپاسی باوک و دایکم دەکەم کە هاوکار و پاڵپشتم بوون ..بەڕاستی دڵخۆشم چونکە قۆناغێکی دیکە لەژیانم دەستی پێکرد و هەستەکەم داهاتووم ڕوونە.